بارزان.. لەژێر دروشمی (لە جینۆسایدەوە بۆ ئارامی و ژیان)
ئەمڕۆ 36ەمین ساڵیادی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان دەکرێتەوە



لەژێر دروشمی (لە جینۆسایدەوە بۆ ئارامی و ژیان) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە هەماهەنگی یەکە ئیدارییەکانی قەزای میرگەسۆر، 36ەمین ساڵیادی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان دەکاتەوە. رێبوار ڕەمەزان، بەرپرسی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، بە باسنیوزی راگەیاندووە: بڕیارە کاتژمێر 4 و نیوی ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/7/31 لەژێر دروشمی (لە جینۆسایدەوە بۆ ئارامی و ژیان) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە هەماهەنگی یەکە ئیدارییەکانی قەزای میرگەسۆر، بیروەریی 36مین ساڵیادی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان، لە گۆڕستانی قوربانیان لە دەڤەری بارزان، بە دانانی تاجەگوڵینە و چەند چالاکییەک یادەکە بەرز رادەگیرێت. جێی باسە سالّانە لە گۆڕستانی قوربانیان لە دەڤەری بارزان، یادی جینۆسایدی بارزانییەکان دەکرێتەوە و بەرپرسان لە ئاستی بالّای ناوخۆیی و دەرەوە و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و جینوساید و میوانان و بەرپرسانی ئیداری و حزبی و حکوومی و سەربازی ئامادەی ڕێوڕسمەکە دەبن.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5801) چوارشەممە 31ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی چلێ هاڤینێی ئێزیدی

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی چلێ هاڤینێی ئێزیدی، پیرۆزبایی ئاراستەی پیاوانی ئایینی ئێزیدی و خوشک و برا ئێزیدییەکانی کوردستان و سەرتاسەری جیهان دەکات.

دەقی پەیامی سەرۆک بارزانی..

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەوەی هاتنەوەی جەژنی چلێ هاڤێنێی ئایینی ئێزیدی گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی پیاوانی ئایینی ئێزیدی و خوشک و برا ئێزیدییەکانی کوردستان و سەرتاسەری جیهان دەکەم.

لەم بۆنەیەدا جەخت لە پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ داواکاری خوشک و برا ئێزیدییەکامان دەکەینەوە و ئومێدی سارێژبوونی برینەکانیان و کۆتاییهاتن بە ئێش و ئازارەکانیان دەخوازین.

هیوادارم ئەو جەژنە ببێتە دەستپێکێک بۆ گەڕانەوەی خوشک و برا ئێزیدییەکامان بۆ ژیانی ئاسایی و بتوانن لە کەشێکی ئارام و ئاشتیانەدا جەژن و شادییەکانیان بکەنەوە.

مسعود بارزانی
30.07.2019

دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق: ماددەی 140بەردەوامە و جێبەجێنەکردنی لە کرۆکی ماددەکە کەم ناکاتەوە

3



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبێتەوە



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کۆماری چینی میللی دەکات

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لە بارەی چەندین بابەت دەکات

چەند لێژنەیەکی تەکنیکی پێکهاتوون بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا

دوێنێ سێشەممە 30ی تەموزی 2019 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تیشکی خستە سەر دەسپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کە هەفتەی رابردوو لە هەولێر شاندی باڵای هەردوولا کۆبوونەوە و گفتوگۆ لە بارەی سێ تەوەر کرا.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



1983/7/31

سەلام عەبدوڵلا

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، شۆڤێنیەتی عەرەبی لە ڕێگەی رژێمی بەعسی عێراقییەوە یەکێکی تر لە تاوانە بەردەوامەکانی دەرهەق گەلی کورد لە ڕۆژی 1983/7/31 بە ئەنفالی بارزانییەکان تۆمار کرد.

لەو ڕۆژە شوومەدا، سوپای بەزیوی عێراق لە شکستی کە لە شەڕەکانی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا هێرشێکی ترسنۆکانەی کردە سەر ئوردوگای قوشتەپەو دەستی کرد بە ڕەشبگیری بارزانییەکان کە بەزۆرملێ دێکانیان پێ چۆڵ کرابوو و لەو ئوردوگایەدا تەلبەندکرابوون و ڕاپێچی خواروو‌ی عێراقی کردن کە تەنیا تاوانیان کورد بوون بوو و لە کوشتارێکی بەکۆمەڵدا هەموویان لە بیابانەکانی عێراقدا شەهیدو زیندەبەچاڵ کردن.

بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ژمارەی ئەوانەی بێ سەرو شوێن کران هەشت هەزار بارزانی بوون کە تەمەنیان لە نێوان (10) ساڵ تا (70) ساڵ دەبوو، هاوکات ئاو و کارەباشیان لە ئوردۆگاکە بڕی وەک گوشارێک بۆ سەر دانیشتوانی کە تەنیا ژن و منداڵ بوون.

ڕژێمی بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو هاوکات هێرشی کردە سەر بارزانییەکانی دانیشتووی (هەربر و دیانا) کە ئەوانیش بەزۆرەملێ لەوێ جێگیرکرابوون. بێدەنگی جیهان لەم تاوانە گەورەیە کە بەهەق جینۆسایدێکی ئاشکرا بوو و کرۆکپی جیهانی ئیسلامیش هێندەی تر دەستی دەسەڵاتدارانی بەعسی والا کرد کە لەمەودوا بەردەوامی بە تاوانەکانی بدات کە لە نێوان 23ی شوباتی 1986 تا 6ی ئەیلوولی 1989 خایاند، دەستی کرد بە ئەنفالێکی سەرتاسەری کە لە ئەنجامیدا (182) هەزار لە ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیل کە ئەوانیش تەنیا تاوانیان کوردبوون بوو لە بیابانەکانی سەماوەو ناسڕیە شەهیدو زیندەبەچاڵ کران کە بەداخەوە جیهان جارێکی تر بێدەنگی و بێباکی لەو تاوانە قێزەونە نواند.

ئەمڕۆ کە ڕۆژانە گۆڕی بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی خواروو‌ی عێراق دەدۆزرێتەوەو هەموو جیهان بە چاوی خۆیان ئەو تاوانە دەبینێ و لە مەغزای ڕاستەقینەی کە جینۆسایدی ئەو گەلەیە تێدەگەن پێویستە ئیتر حکومەتی عێراقی دان بەو تاوانەدا وەک جینۆساید بنێت و قەرەبووی ئەنفال کراوان بکاتەوەو بە فەرمی ئەو تاوانە مەحکوم بکات و ئەو دەنگە نەشازەش کپ بکات کە دەیەوێت ئەو تاوانە بشارێتەوە گوایە ئەوە لەلایەن رژێمی پێشووەوە کراوەو حکومەتی نوێ بەرپرسیار نییە لێی، هەروەک پەرلەمانتارانیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا بەتایبەتی فراکسیۆنە کوردییەکان دەبێ هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەوبارەیەوە بنوێنن و داوا لە هەموو پەرلەمانتاران بکەن کە ئەو مەسەلە بخرێتە ئەجندای پەرلەمانەوە بڕیاری گورجی لەبارەوە بدرێ و بە جینۆسایدبناسرێ و دەنا ئەم کارە دڕندانە هەر بەردەوام دەبێ دژی گەلەکەمان، چونکە زەمینەو عەقڵیەتی شۆڤێنی عەرەبی ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەبینرێ و ماوەو بەردەوامە.

ئەوە نییە هەر دوێنێ ئەفسەرێکی عێراق لەکاتی کۆکردنەوەی ڕووفاتی ئەنفال کراواندا لە سەماوە لەبەر چاوی تەلەڤزیۆن داوای لە گەنجێکی کورد دەکرد کە کەس و کاری ئەنفال کراوە، ئالای کوردستان لە ملی بکاتەوە، چونکە قەدەغەیە؟؟!! ئەمە لە عێراقی فیدراڵدا دوای 16 ساڵ لە ڕووخانی رژێمی دیکتاتۆری لەبەر چاوی جیهانەوە ڕووددەدات!!

سێ بەنداوی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن

زیاتر لەلاپەرە 6 بخوێنەوە

مەحموود محەمەد: ڕۆڵی پڕبایەخی نووسەران بەرز دەنرخێنین

4

فراکسیۆنی پارتی لەبارەی بێ ڕێزی ئەفسەرێکی عێراقی بە ئاڵای کوردستان

2

سبەی پەرلەمانی کوردستان 3ی ئاب وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان دیار دەکات

2

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لە بارەی چەندین بابەت دەکات

چەند لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهاتوون بۆ دریژەدان بە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا

دامەزراندنی ئەنجوومەنی گشتی ڕاژە لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا



دوێنێ سێشەممە 30ی تەمموزی 2019 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تێشکی خستە سەر دەسپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کە هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر شاندی باڵای هەردوولا کۆبوونەوە و گفتوگۆ لە بارەی سێ تەوەر کرا کە بریتیبوون لە نەوت و گاز، بودجە و کێشە دارایەکان، ناوچە داپڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بەوە درا کە چەند لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهاتوون بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی وردەکاریەکان و هەردوولا پێشنیار و کارنامەی تایبەتییان ئامادە کردووە و بڕیارە بەم زووانە دریژە بە گفتوگۆکان بدرێت.

پاشان گفتوگۆ لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی گشتی ڕاژە لە هەرێمی کوردستان کرا بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری فەرمانبەران. ئەم بابەتەش بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازیی کە لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە، گفتوگۆکردن بوو دەربارەی ڕێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە چوارچێوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و، بڕیاردرا هەموو ئەو وەزارەتانەی داهاتیان هەیە، گشت داهاتەکانیان بنێردێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، پێداچوونەوەش بە خەرجییەکانی هەر وەزارەتێک بکرێت و دواتر بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی، پێداویستی خەرجییەکانی هەر وەزارەتێک دابین بکرێت.

ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی لەبارەی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانشینی و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان) کرد. بڕیاردرا کە گفتوگۆی پێویستی لە بارەوە بکرێت و لە نزیکترین کاتدا بنێردرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتەکانی شارەوانی وگەشتوگوزار، تەندروستی، ناوخۆ و دەستەی ژینگەی ڕاسپارد، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بکەن بۆ ئامادەکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاوواڵتیان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان.

30ی تەمووز 2019



سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ جەژنا چلێ هاڤێنێ ل ئێزدییان ڕیرۆژ دکەت

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ د ڕەیامەکێدا جەژنا چلێ هاڤینێ ل ئێزدییان ڕیرۆژ دکەت، ئەڤە دەتا وێ یە:

جەژنا چلێ هاڤینێ یا ئێزدییان، ب گەرمی ل ڕێزداران میرێ ئێزدییان و جڤاتا ڕووحانی و هەموو خوشک و برایێن ئێزدی پێن کوردستانێ و جیهانێ ڕیرۆژ دکەم. هیڤیدارم ئەڤ جەژنە ب خێر و شادی بۆ هەموو ئێزدییان و کوردستانێ بگشتی ڤەگەڕیت.

جارەکا دی جەژنا چلێ هاڤینێ ل هەموو خوشک برایێن ئێزدی ڕیرۆژ بیت، هەر سالّ ب خێر و خۆشی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
30/7/2019

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی دەکات

مەسرور بارزانی: پێویستە حیزبەکان هاوکار و یارمەتیدەری حکوومەت بن بۆ ئەوەی کارنامەکەی جێبەجێ بکات



دوێنێ سێشەممە 30 تەمووزی 2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و شاندێکی هاوڕێی کرد.

سەعدی پیرە بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی حکوومەت کرد بە بۆنەی دەستەکاربوونی کابینەی نوێ و پشتیوانی یەکێتیشی بۆ حکوومەت دەبڕی.

سەرۆکی حکوومەت سوپاسی شاندی میوانی کرد و گوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان حکوومەتی هەموو خەڵکی کوردستانە و پێویستە بە بێ هیچ جیاوازییەک خزمەتی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و حیزبەکانیش پێویستە هاوکار و یارمەتیدەری حکوومەت بن بۆ ئەوەی کارنامەکەی جێبەجێ بکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق کرد

مەسرور بارزانی: هیوادارین دۆستەکانمان هاوکارمان بن لە جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت



دوێنێ سێشەممە 30ی تەمموزی 2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق و سەرۆکی بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆ لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا باس لە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق و هەرێمی کوردستان کرا و گرنگی بەردەوامبوونی هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و دژی تیرۆر و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک بەشێک لە هێزی هاوپەیمانان لە هاوکاری و ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق بۆ شەڕکردن دژی تیرۆر و ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی سنوورەکان و ئاسمانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

هەروەها باس لە پرۆسەی ڕاهێنان و پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە کرا و گرنگی بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و هێزە تیرۆریستەکانی تر.

هەروەها باس لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرا کە لە 12ی ئایاری 2018 ئەنجام دراوە و ئەو هەنگاوانەی کە بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەنرێن.

فراکسیۆنی پارتی لەبارەی بێ ڕێزی ئەفسەرێکی عێراقی بە ئاڵای کوردستان:

هیچ سوکایەتی و بێ ڕێزییەک بە ئاڵای کوردستان قبوڵناکەین

لە کاتێکدا چەند ڕۆژێکە بریتی تەواوی گەلی کوردستان کولاوەتەوە خەڵکی کوردستان ڕۆژگارە ڕەش و تاڵەکانی سەردەمی بەعسی هاتۆتەوە یاد،بەهۆی دۆزینەوەی چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵی خوشک و براو کەس و کارمان لە بیابانەکانی سەماوە.

ئێمە لە کاتێکدا داخداری ئەم بابەتەین لەم کاتەداو لەشوێنی هەڵدانەوەی ڕووفاتەکان ئەفسەرێکی عێراقی بە پلەی ملازم سوکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکات و داوا دەکات لە هاونیشتیمانییەک کە ئاڵاکەی ملی لابات، چونکە قەدەغەیە.

ئێمە لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە کە هیچ سوکایەتی و بێ ڕێزییەک بە ئاڵای کوردستان قبوڵناکەین و داوای هەڵوێست لەسەرۆک کۆماری عێراق وەک پارێزەری دەستوور دەکەین، بەو سیفەتەش کە ڕووداوەکە لەبەرچاوی ڕاوێژکارانی بەڕێزیان ڕوویداوە، هەروەها داوا لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا دەکەین بەزوترین کات داوای ڕوونکردنەوە بکەن لە وەزیری پەرەسەندن و پرۆسەی سیاسی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی عێراق وپەیوەندی نێوان حکومەتی ئیتحادی و هەرێمی کوردستان ناکات.

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە پەرلەمانی کوردستان
2019/7/30

سبەی پەرلەمانی کوردستان 3ی ئاب وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان دیار دەکات

بڕیارە سبەی پێنجشەممە پەرلەمانی کوردستان بۆ ناساندنی ڕۆژی سێیی ئاب وەکو ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان کۆببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بانگهێشتنامە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان کرا. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/8/1 ئەمە بەپێی ڕاگەیەنراوێک کە دوێنێ سێشەممە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڵاویکردەوە. هەروەها لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش ئاماژە بەوە کراوە کە دانیشتنەکە بۆ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی بڕیاری "دیاریکردنی ڕۆژی 2014/8/3 3 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان"ـە بەپێی حوکمی ماددەکانی 87، 88، 89 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبێتەوە

نێچیرڤان بارزانی: هیوادارم پرسی سەرژمێری لە عێراق بە سیاسی نەکرێت



لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەڕێز د. لوئەی شەبانە بەڕێوەبەری هەرێمیی ڕێکخراوی سەندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری دانیشتوانان و شاندێکی یاوەری، بەڕێز شەبانە پوختەیەکی دەربارەی ئامانجی سەردانەکەیان خستەڕوو کە بۆ نیشاندانی پشتگیریی ڕێکخراوەکەیانە لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ بەشداریکردنە لە یادی بیست و پێنج ساڵەی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی دانیشتوان و پەرپێدان و یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان.

لە کۆبوونەوەکەدا کە پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەی بەرز نرخاند و باسی لە پرسی سەرژمێری لە عێراق کرد، هەروەها هیوای خواست ئەو پرسە بە سیاسی نەکرێت و لەسەر بنەمای دەستووری عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڕێزیان پوختەیەکیشی دەربارەی بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ڕووی گرنگیدان بە کۆمەڵگە و خێزان و یەکسانییەوە پێشکەش کرد.

ئاستی پەیوەندییەکانی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکەیان، چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە دانیشتوانەوە، پەیوەندیەکانی هەولێر - بەغدا، پرسی ئاوارە و پەنابەران و میکانزمی گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق دەکات


نێچیرڤان بارزانی: سەقامگیریی عێراق جێی بایەخی هەرێمی کوردستانە



لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ماسیۆ وۆڵتەرز، باڵیۆزی هۆڵەندا لە عێراق کە ئەرکی بەکۆتا دێت، سوپاسی پشتگیریی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی لە کار و چالاکییەکانی کرد، هەروەها دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بە بایەخەوە دەڕوانێتە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و پێزانینی بۆ هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە و پەنابەران نیشان دا.

لە دیدارەکەدا کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای بەرزنرخاندنی کار و چالاکییەکانی بەڕێز وۆلتەرز و هیوای سەرکەوتن لە ئەرکی نوێیدا، جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هۆڵەندا کردەوە و تیشکی خستە سەر قۆناغی ئێستای پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، هەروەها سەقامگیریی عێراقی بە مایەی بایەخی هەرێمی کوردستان دانا و پوختەیەکی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕی داعش و هەماهەنگیی زیاتری نێوان کەرتی تایبەتی هەردوولا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هۆڵەندا، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کۆماری چینی میللی دەکات



لە دیدارێکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەڕێز نی ڕوچی، کونسوڵی گشتیی کۆماری چینی میللی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها هیوای هاتنی زیاتری وەبەرهێنەرانی کوێتی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق خواست.

تاوتوێکردنی دۆخی سیاسیی ناوچەکە بە گشتی و قۆناغی دوای شەڕی داعش و چەند بابەتێکی پەیوەندار بە ڕەوشی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

کوردستاندا، خواستی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و پوختەیەکیی دەربارەی چالاکییەکانیان لە هەرێم پێشکەش کرد.

لە دیدارەکەدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/7/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای پەسەرپەسەندییەکانی هەرێمی کوردستان و چین لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانی، پیشەسازی، ڕۆشنبیری و کولتووری، پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەرەوپێشبردنیان کردەوە و لەمبارەیەوە ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک نیشان دا

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵی کوێت کۆدەبێتەوە



لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز د. عومەر ئەلکندەری، کونسولی کوێت لە هەرێمی کوردستان جەختی کردەوە کە میری کوێت و حکوومەت و خەڵکەکەی بە گەشبینییەوە لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەڕوانن، لەمبارەیەشەوە ئاماژەی بە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کرد کە لە کوێت ئەنجام درا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییە مرۆییەکانی میر و حکوومەت و خەڵکی کوێتی بۆ ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و کرانەوەیان بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوێت دووپات کردەوە.

بەڕێزیان هەروەها پشتگیریی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی عێراق نیشان دا و هیوای هاتنی زیاتری وەبەرهێنەرانی کوێتی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق خواست.

تاوتوێکردنی دۆخی سیاسیی ناوچەکە بەگشتی و قۆناغی دوای شەڕی داعش و چەند بابەتێکی پەیوەندار بە ڕەوشی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق: ماددەی 140بەردەوامە و جێبەجێنەکردنی لە کرۆکی ماددەکە کەم ناکاتەوە



دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق کە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریی وڵاتە دوێنێ سێشەممە بڕیاری دا بە هێشتنەوە و بەردەوامیی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، دووپاتیشی دەکاتەوە ئەوە بەردەوام دەبێت تا جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ماددەکە و بەدیهێنانی ئامانج لە دانانی. دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق دەشڵێت جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 لە کرۆکی ماددەکە کەم ناکاتەوە.

گوتەبێژ بەناوی دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق، ئەیاس ساموک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئەوەی ڕاگەیاند کە دادگەکە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەسەرۆکایەتی دادوەر مەدحەت مەحمود و ئامادەبوونی سەرجەم دادوەرانی ئەندام ئەنجامداوە و تەماشای داوایەکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە بۆ شیکردنەوەی ماددەی 140 لە دەستور و بەردەوامبوونی یان بەردەوام نەبوونی کرد.

ساموک ئەوەشی گوت: دادگەی باڵای فیدراڵی وای دەبینێت کە ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی2005 جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ هەڵبژینی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی کە پێشتر ماددەی 58 بووە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی ڕاگوزەری، بۆیە هێشتا ئەو ماددەیە بەردەوامیی هەیە.

ئەو گوتیشی: دادگەی باڵای فیدراڵی وای دەبینێت کە ئەو هەنگاوانەی ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی ڕاگوزەری تەواونەکراوە و بەشێکی جێبەجێ نەکراوە، بۆیە ئامانج لە دانان و دارشتنی ماددەی 140 لەدەستووری عێراق پێویستە و دەبێت هەمووان جێبەجێی بکەن.

گوتەبێژی فەرمی دادگەی باڵای فیدراڵی ئەوەشی درکاندووە کە دادگە ئەوەی ڕوونکردووەتەوە ئەو ماوەیەی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دیاریکراوبو بۆ کاروباری ڕێکخستن دانراوبو، جێبەجێ نەکردنیشی لەو کاتانە هیچ زیان بە جەوهەری ماددەکە و بەجێ گەیاندنی ئامانجەکەی ناکات، هەر بەو بۆنەیەشەوە بڕیار دراوە کە ماددەکە بەردەوام بێت تا جێبەجێکردنی.

ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005 باس لە نەهێشتنی سیاسەتەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا کە لە لایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە جێبەجێ پەیڕەویی لێ دەکرا، دەکات، دەبوو ئەو ماددەیە کە سێ قۆناغ لەخۆ دەگرێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ناکۆکیی پێکهاتەکانی کورد، عەرەب و تورکمان ئەو مەسەلەی دواخست و ماددەکە هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا کۆدەبنەوە



لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ماسینج لانگ جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا خۆشحاڵیی خۆی بە یەکەم سەردانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها باسی کۆبوونەوە و دیدارەکانی لە بەغدا، بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە حەوانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران کرد و دووپاتی کردەوە کە سیاسەتی وڵاتەکەیان پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا کە ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 30/7/2019 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی سەردانەکەی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە دەرفەتی لەبار هەیە هەرێمی کوردستان و پۆڵەندا پەیوەندییەکانیان لە بواری جیادا پەرە پێببەخن، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی شەڕی داعش و لێکەوتەکانی، مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی نوێ، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، پێشکەش کرد.

تاوتوێکردنی پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوچەکە و هاندانی کەرتی تایبەتی هەردوولا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.





کردەوە، کە پێوبستە نووسەران بە ڕوانگەی کولتووریانە و لە ڕێگەی بەرهەم و نووسین و داهێنانەکانیانەوە بەشداری لە پرۆسەی بنیاتنان و پێشکەوتنی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکەن و سەبارەت بە کۆنگرەی دادێی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش، وێڕای هەموو پشتگیرییەک، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

دواتر بەشێک لە نووسەران بە سەرنج و تێبینی و بیروڕاکانیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

مەحموود محەمەد: ڕۆڵی پڕبایەخی نووسەران بەرز دەنرخێنین

پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 30ی تەمموزی 2019 بەڕێز مەحموود محەمەد بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان کۆ بووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، کە لە شاری هەولێر و لە هۆڵی ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو، بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تیشکی خستە سەر ڕۆڵی پڕبایەخی نووسەرانی کوردستان لە ژیانی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و جەختیشی لە گرنگیی بەرزڕاگرتنی ئاستی نووسەران و لە ڕێگەی بەرهەم و نووسین و داهێنانەکانیانەوە بەشداری لە پرۆسەی بنیاتنان و پێشکەوتنی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکەن و سەبارەت بە کۆنگرەی دادێی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش، وێڕای هەموو پشتگیرییەک، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

دواتر بەشێک لە نووسەران بە سەرنج و تێبینی و بیروڕاکانیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

دیاری حوسێن:

داوامان کردووە بارەگاکانمان چۆڵ بکرێن و شار بدرێتەوە دەست کەرکووکییەکان

بەو دۆخەی ئێستای شارەکە پارێزگاریش دیاری بکرێت دەسەڵاتی نابێت



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دەڵێت، هەوڵ دەدرێت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و هێزەکان لەناو شار دەربکرێن، هەروەها بارەگاکانی ئێمەش ڕادەست بکرێنەوە و هێزی پێشمەرگە و سوپا بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک، ئینجا پارێزگاری نوێ دیاری بکرێت، چونکە ئەگەر ئێستا پارێزگاریش دیاری بکرێت، هیچ دەسەڵاتێکی نابێت. دیاری حوسێن، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بڕیارە لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی تورکمان و عەرەب کۆببێتەوە بۆ ئەوەی لەبارەی پارێزگاری نوێوە ڕازیبان بکەن و دواتر ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر دیاریکردنی پارێزگاری نوێ کۆببێتەوە.

حوسێن گوتیشی: هۆکاری دواکەوتنی دەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ دیاریکردنی پارێزگاری نوێی کەرکووک، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێویستە سەرەتا دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە ئینجا لیژنەکان کۆببنەوە و دواتر پارێزگار دیاری بکرێت، چونکە بەو دۆخەی ئێستا کە ئەو هەموو هێزە لەناو کەرکووک هەن، پارێزگاریش دیاری بکرێت دەسەڵاتی نابێت.

ناوبراو ئاماژەشی دا: ئێمە داوامان کردووە ئەو هێزانەی لەناو شارن دەربچن، هەروەها بارەگاکانی ئێمە چۆڵ بکرێن و دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و شار بدرێتە دەست کەرکووکییەکان و هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپا کەرکووک لە داعش بپارێزێت.

کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە دەکەن



بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە ژمارەیەک لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی سنووری گەرمیان سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شاری "سەماوە"یان لە پارێزگای موسەنا کرد و لە بەیاننامەیەکدا کە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خوێندیانەوە داوای بەدادگاییکردنی تاوانبارانی ئەو کۆمەڵکوژییە و ئەنجامدانی پشکنینیDNA ی بۆ ڕووفاتەکان و هەڵدانەوەیان گۆڕەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کرد. ئەنوەر حەمەلاو، تاقانەی ئەنفال و یەکێک لەوانەی سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوەی کردووە، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: وەکوو ژمارەیەک لە کەسووکار و خانەوادەی ئەنفالکراوان، سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای سەماوەمان کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئێسک و پروسکی ئازیزە ئەنفالکراوەکانمان ببینین.

گوتیشی: پاش گەیشتنمان بەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە بەیاننامەیەکدا کە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خوێندمانەوە داوامان کرد سەرجەم تاوانبارانی تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا و بە جاش و موستەشارە کوردەکانەوە، لەگەڵ هەڵدانەوەی گۆڕەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئەنجامدانی پشکنینیDNA بۆ ئێسک و پروسکەکان و خانەوادەکانیان تا بناسرێنەوە و بزانرێت کەسوکاری کێن.

ئاماژەی بەوەش دا: دواتر سەردانی قەڵای نوگرە سەلمانمان کردووە کە ماوەی 6 مانگ ئەنفالکراوانی تێدا زیندانی بووە و کە کۆمەڵێکیان لەوێ گیانیان لەدەست داوە سەگی ڕەش خواردوویەتی و ئەوانی دیکەش ئازاد کراون. جێی باسە ڕۆژی 2019/7/23 تیمی تایبەتی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەعێراق، دەستی کرد بەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانی سەماوە، کە قوربانییەکانی هاووڵاتیانی سنووری گەرمیانن و ئێستا دوو گۆڕی دیکە ماوە هەڵبدرێتەوە و بڕیارە پاش جەژنی قوربان جێبەجێ بکرێت و ئیستاش کارئاسانی بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان بۆ هەرێمی کوردستان دەکرێت.

پەیامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی چڵۆ هاڤینێی خوشک و برا ئێزیدییەکان

بەبۆنەوەی هاتنەوەی جەژنی چلێ هاڤینێ پیرۆزبایەکی گەرم لە خوشک و برا ئێزیدییەکانی کوردستان و جیهان دەکەم.

هیوادارم لە کەشێکی ئارام و بەختەوەردا ئەم جەژنە بەسەر بەرن.

دڵنیاتان دەکەینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی لە توانایدا بێت دەخاتە گەڕ لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری خوشک و برا ئێزدییە کامان و کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتییەکانیان و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی هەرچی زووتری برا ئێزدییە ئاوارەکامان بۆ دەڤەرەکانیان لە سنوری شنگال و بەهزان و هەروەها بەدواداچوون بۆ زانینی چارەنووسی هەموو قوربانیانی دەستی تیرۆریستان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/30

مەکتەبی سیاسی و دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن 16مین ساڵیادی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ پیرۆز دەکەن

مەکتەبی سیاسی و دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن لە دوو پەیامی پیرۆزبایییدا کە ئاراستەی سەرنووسەر و کادیر و کارمەندانی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ کراوە، 16مین ساڵیادی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ پیرۆز دەکەن و هیوای بەردەوامیی و پێشکەوتنیان بۆ دەخوازن. ئەمەش دەقی هەردوو پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سەرنووسەر و کادیر و کارمەندانی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ..

بەبۆنەی 16مین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و نووسەر وخوێنەرانی ڕۆژنامەکە دەکەین و هیوای بەردەوامیی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

ڕۆژنامەی ئەڤرۆ یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی جێدەستی بەسەر کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی دیار و بەرچاوە و لەو تەمەنەی کارکردنیدا ڕۆڵی گرینگی بینیوە لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، بەمەش مایەی ڕێز و دەستخۆشییە. لەم بۆنەیەدا ئومێدەوارین هەنگاوی باشتر بنێن و لەهەموو ڕوبەکەوە بەرەو پێشتر بچن و، وێڕای پیرۆزباییمان، پشتیوانی تەواوی خۆشمان بۆ بەردەوپێشبردنی ڕۆژنامەکە دووپات دەکەینەوە و، هیواخوازین هەردەم سەرکەوتووبن..

مەکتەبی سیاسی/پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/7/30

ئەڤرۆ Euro
16 ساڵ بەردەوامی
2019-2003

بەڕێزان/ سەرنووسەر و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و کارمەندانی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ..

بەبۆنەی تێپەڕبوونی (16) ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ) پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و نووسەر و خوێنەرانی ڕۆژنامە ئازیزەکەتان دەکەین و، هیوادارین لە کار و چالاکییەکانتان بەردەوام بن و هەنگاوی باشتر بنێن.

ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ) بەپێی تایبەتمەندی خۆی و بە پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراو، خزمەتێکی زۆری بە دەڤەری دهۆک بە تایبەتی و تەواوی کوردستان بەگشتی کردووە و، بە تێر و تەسەلی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکان دەخاتە بەر دەست و دیدەی خوێنەرانی، بەمەش جێگەی خۆی لە گەنجینەی میدیایی و کولتووریی کردۆتەوە، بۆیە مایەی ڕێز و سوپاس و ستایشن.

خوازیارین لەم یادەدا بە پەیرەوکردنی هەمان بنەما ڕاست و دروستەکانی ڕۆژنامەوانی لە ڕووی مسداقیەت و بەرپرسیاریەتیەوە بەردەوام بن و، ڕۆڵی گرنگی خۆتان ببینن بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئەمڕۆماندا لە پشتیوانیکردنی دۆزە ڕەواکەمان، هەروەها خستنەڕووی کێشە و گیروگرفت و کەموکوڕیەکان و خواستی هاوڵاتیان. جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزباییمان، لە 16مین ساڵڕۆژی دەرچوونیدا پالپشتی و پشتیوانی بەردوام و تەواوی خۆمان بۆ ڕۆژنامەی ئەڤرۆ دووپات دەکەینەوە و، هیواخوازین هەردەم لە سەرکەوتن و پێشکەوتن دابن..

دەزگای ڕۆژشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/7/30

عێراق.. کۆژران و دەستگیرکردنی 10 تیرۆریستی داعش

لە دوو پێشهاتی ئەمنییدا لە پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا، 10 تیرۆریستی داعش کوژران و دەستگیرکران. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ئەفسەر لە فیرقەی حەوتی سوپا، مەجید یاسری دەستکەوتووە، فڕۆکە جەنگییەکان، دوو حەشارگەی پاشماوەکانی داعشیان لە سنووری هەردوو قەزای ڕاوە و ڕوتبە ڕۆژئاوای ئەنبار بۆردومانکردووە. مەجید یاسری ئاماژەی بەوەش داوە کە لە ئاکامی بۆردومانەکەدا، وێڕای خاپووربوونی دوو حەشارگەکە، هەروەها چوار تیرۆریستیش کوژراون.لە لایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەینەوا، دەستگیرکردنی شەش تیرۆریستی داعشی ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەینەوادا هاتووە: پشتبەستن بە زانیارییەکان و هاوکاری هاووڵاتییان، هێزەکانی فەوجی 12ی فریاکەوتنی پۆلیس سەربە فەرماندەیی پۆلیسی نەینەوا، شەش تیرۆریستی داعش لە بەشی چەپی مووسڵ دەستگیرکراوە.

بەرازیل.. لە ڕووداوێکی شەڕکردن لەناو بەندیخانەیەک 52 کەس گیانیان لەدەست دا

بەهۆی ڕووداوی شەڕ لەناو بەندیخانەیەک لە باکووری بەرازیل، لانی کەم 52 کەس گیانیان لەدەست دا. دەسەڵاتدارانی بەرازیل ڕوونی کردووەتەوە کە ڕووداوەکە لە ناوچەی ئەلتامیرا لە ویلایەتی بارا باکووری وڵات ڕوویداوە. لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتەبێژ بەناوی ئەنجوومەنی بەندیخانەکان لە بارا ڕایگەیاندووە، "ڕووداوەکە لەنێوان بەندییەکاندا ڕوویداوە". جێی باسە لە کۆتاییەکانی مانگی ئایاری دەسەڵاتدارانی بەرازیل لە بەندیخانەیەک لە شاری ماناوس لانی کەم تەرمی 40 بەندییان دۆزیبووەوە

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ:

21 پۆستمان بەرکەوتووە و کاندیدمان بۆ هەموو پۆستەکانیش پێشکەش کردووە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ رایگەیاند، هەموو رێکارەکانی وەرگرتنەوەی 21 پۆستی ئیداریی مووسڵ تەواو بوون و تەنها ماوە پارێزگار فەرمانی ئیداریی پێ دەربکات و دەستبەکار بن. سەیدۆچەتۆ، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئیدارەی پارێزگای مووسڵ 21 پۆستمان بەرکەوتووە و کاندیدمان بۆ هەموو پۆستەکانیش پێشکەش کردووە و ڕەزامەندیشی لەسەر دراوە و تەنها ماوە فەرمانی ئیداریی پێ دەربکرێت و دەستبەکار بن.

چەتۆ گوتیشی: کۆمەڵێک پۆستی ئیداری بەر ئێمە دەکەون وەکو بەڕێوەبەری ئاو و کشتوکاڵ و بەڕێوەبەری گرێبەستەکان و جێگری بەڕێوەبەری شارەوانی و و بەڕێوەبەری وردبینی و ژمێریاریی دیوانی پارێزگا و کۆمەڵێک پۆستی دیکە، بۆیە لەم ڕۆژانەدا فەرمانی پێ دەردەکرێت و دەستبەکار دەبن. دەشڵێ، ئەو 21پۆستە هەمووی پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە مووسڵ بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردنەکان.

جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە:

بە هۆی سیاسەتی ناعەقڵانی تورکیاوە وڵات بووەتە گەورەترین کەمپی پەنابەران

جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە، فەتحی ئاچکەل ڕایگەیاند، کێشەی پەنابەرانی سووریا بە هۆی ناعەقڵانیی سیاسەتی دەرەوەی دەسەڵاتەوە گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە و بە هۆی تەماشاکردنی پەنابەران وەک یەدەگ، هەڵی کاری تۆمارنەکراو، کارکردن بە بڕە پارەیەکی کەمتر لە کەمترین مووچە و کارپێکردنی منداڵ، بێکاریی ڕووی لە هەڵکشان کردووە و کاریگەریی لەسەر هاوواڵتییە کەم دەرامەتەکانی وڵات کردووە.

فەتحی ئاچکەل جەختی لەوەش کردووەتەوە کە بە هۆی سیاسەتی ناعەقڵانی تورکیاوە، وڵات بووەتە گەورەترین "کەمپی پەنابەران" و لەبەر دەرگای ئەورووپادا، بەو 40 ملیار دۆلارەی کە بۆ پەنابەرانی سووریا خەرجکرا، دەکرا حەڵەب و سەرجەم شارە وێرانکراوەکان دووبارە بنیاتبنرێنەوە و زەمینەی گەڕانەوەی پەنابەران خۆشبکرێت. جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە، فەتحی ئاچکەل هۆشداریی ئەوەشی دا کە تا ئەو کاتەی سۆزداریی لە کاروباری دەرەوە دوورنەخرێتەوە، ئەم کێشەیە دەبێتە کانگرێن و گوتی: تورکیا هەرچی زووە پەیوەندیی بە حکوومەتی ئەسەدەوە بکات و سیاسەتگەلێک بۆ گەڕانەوەی پەنابەرە سووریەکان لە مامناوەند و دوورمەودا ئامادەبکات. ئەگەر هەماهەنگی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد ئەنجام بدرێت، کێشەی پەنابەرانی سووریا و نیشتەجێکردنەوەیان لە ڕێگەی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتییەوە چارەسەر دەکرێت. کارێکی ڕاست نییە بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەنابەرانی سووریادا بکرێت کە چارەسەر نەکرێت. کێشەی پەنابەران کە بووەتە هۆی هەڵی کاری تۆمارنەکراو، کارپێکردنی منداڵان، هاوسەرگیریی منداڵان و بەکارهێنانی ژنان، کارێکی دروست نییە کە بە شتێکی ئاسایی نیشان بدرێت. پێویستە کێشەی پەنابەران بەڕێگای یاسایی و مرۆیی و لە شوێنی خۆی واتا لە سووریا چارەسەر بکرێت. تاکە پارتی سیاسی کە لە سەرەتاوە سیاسەتێکی پەیڕەو کردووە بۆ چارەسەری کێشەکە بە شێوەیەکی گشتگیر و درێژخایەن، جەهەپەیە.

سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ڕووسیا:

ئەمەریکا قاچاخچێتیی بە نەوتەوە دەکات لە سووریا

ژمارەی سەربازە تایبەتە ئەمەریکییەکان لە ناوچەکە زیاتر لە سێ هەزار و 500 سەربازە

سەرۆکی فەرمانگەی ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ڕووسیا، سێرگی ڕودسکۆی ئاماژەی بەوەکرد ئەمەریکا کێڵگەکانی نەوت لە خۆرهەڵاتی فورات تاڵان دەکات و لەبەرامبەر قاچاخچێتییکردن بە نەوت، هاوکاریی کورد و عەرەبەکان لەڕووی چەکەوە، فەنی ئاچکەل ڕایگەیاند، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا سازیکرد، ڕوونکردنەوەی لەبارەی دۆخی سووریا دا.

ڕودسکۆی جەختی لەوەکردەوە کە یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە سووریا کێڵگەکانی نەوت لە خۆرهەڵاتی فورات تاڵان دەکەن و ڕایگەیاند: یەکەکانی سوپای ئەمەریکا جگە لە مەشقکردن بە چەکدارەکان، سەرقاڵی تاڵانکردنی کێڵگەکانی نەوت لە ناوچەی فوراتن کە هی حکوومەتی سووریایە. باسی لەوەشکرد لەماوەی دوایینا کۆمپانیا تایبەتە ئەمەریکییەکان ژمارەی سەربازانیان لە سووریا بەرزکردووەتەوە و ژمارەی سەربازییەکانیان لە خۆرهەڵاتی فورات، مایەی نیگەرانییە. ئەمەریکا لەبەرامبەر قاچاخچێتییکردن بە نەوت، فڕۆشتنی لە کێڵگەکانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی فورات، ڕێکخراوە. دزینی سەروەتی نیشتمانیی سووریا درێژەی هەیە. زیادکردنی ژمارەی یەکە سەربازییەکان لەلایەن ئەمەریکاوە لە خۆرهەڵاتی فورات، مایەی نیگەرانییە. ئەمەریکا لەبەرامبەر قاچاخچێتییکردن بە نەوت، هاوکاریی کورد و عەرەبەکان لە ڕووی چەکەوە دەکات، دواتریش ئەمانە بەگژی یەکتریدا دەکات. سەرجەم ئەمانە دۆخی ناوچەکە خراپتر دەکەن.

سێرگی ڕودسکۆی جەختی لەوەکردەوە لە مانگی ڕابردووەوە دۆخی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب خراپ بووە و ڕایگەیاند: لەگەڵ هاوکارە تورکەکاندا هاوکاریی چڕ لەپێناو ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەی لە چەک دامالڕاو کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی تورکیا و ڕووسیادا بنیاتنراوە، درێژەی هەیە. ڕودسکۆی باسی لەوەش کرد کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هێرشیان کردووەتە سەر یەکە سەربازییەکانی سەربە ڕژێم و بنکەی سەربازیی حمێمیمی ڕووسی و ڕایگەیاند: ڕووسیا و تورکیا هەنگاوی هاوبەش دەهاوێژن بەمەبەستی دیاریکردنی کۆڕگای چەک و تەقەمەنی چەکدارەکان لە سووریا و لەناوبردنی.



جێگری پێشووی سەرکۆماری ئێران سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا



گوتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری ئێران، غوڵام حوسەین ئیسماعیل ڕایگەیاند کە جێگری پێشووی سەرکۆماری وڵاتەکەی و سەرۆک شارەوانی پێشووی تاران، محەممەد عەلی نەجەفی کە دانی ناوە بە کوشتنی هاوسەرەکەیدا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە. بەپێی هەواڵی میدیای ئێران، ئیسماعیل لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنیسدا لە تارانی پایتەخت، ئاماژەی بەوە کرد کە نەجەفی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە. ئیسماعیلی ئەوەیشی خستەڕوو کە بڕیارەکە کراوەیە بەڕووی تەمییزکردنەوە. جێی باسە نەجەفی کە یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی ڕیفۆرمخوازانی ئێران و بۆ ماوەیەکی زۆر پۆستی باڵای هەبووە لە وەزارەتی پەروەردە و جێگری سەرۆکایەتی کۆماری ئەو وڵاتە لە 28ی ئایاردا بە چەک دووەم ژنی خۆی بەناوی میترا ئۆستاد کوشت و دوای تاوانەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد و دانی نا بە تاوانەکەیدا.

عادل عەبدولمەهدی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەفتانەی هەڵوەشاندەوە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییانەی کە هەفتانە سازی دەکرد هەڵوەشاندووەتەوە و ئاماژەی بەوەدا کە دوو گوتەبێژی بۆ نووسینگەی ڕاگەیاندنەکەی دەست نیشانکردووە. دوێنێ سێشەممە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: بڕیانی ڕۆژنامەوانان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ئەمڕۆ بەدواوە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هەفتانەکەی ساز ناکات و هەڵوەشێندراوەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەمەودوا بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە پشت بە میکانیزمێکی نوێ دەبەسترێت بە تایبەتیش کە دوو گوتەبێژ بۆ نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران دەستنیشانکراون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا، وێڕای ئەوەی هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هەفتانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق نەخراوەتەڕوو، هەروەها وردەکاری سەبارەت بە میکانیزمەکە باس نەکراوە و، هەروەها ناوی ئەو دوو گوتەبێژەش ئاشکرا نەکراوە کە بۆ نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران دەستنیشانکراون. جێی باسە پێشتر ڕۆژی سێشەممەی هەموو هەفتەیەک، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ساز دەکرد کە تیادا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی دەخستەڕوو، هەروەها وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانانی دەدایەوە.

ئیسرائیل لە عێراق هێرشی کردۆتە سەر کۆگایەک کە سەکۆی مووشەکی ئێرانی لێبووە



بەپێی هەواڵێک کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت پشتبەستن بە سەرچاوە دیپلۆماسییەکان بڵاویکردووەتەوە، ئیسرائیل کە هێرشەکانی بۆسەر ئێران لە عێراق و سووریا زیادکردووە، ڕۆژی پێشتر هێرشی ئاسمانیی کردووەتە سەر "بنکەی ئەشرەف" کە80 کم لە سنووری ئێرانەوە دوورە. بانگەشەی ئەوەش کراوە کە هێرشەکە دوو ڕاوێژکاری ئێرانی و سەکۆکانی ئاراستەکردنی مووشەکی کردووەتە ئامانج کە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر لە ئێرانەوە هێنرابوونە عێراق.

سەرچاوەکان ئەوەشیان خستەڕوو کە ئیسرائیل لە 19ی تەموزدا بە فڕۆکەی ئێف 35 کەمپێکی سەربازیی لە پارێزگای سەلاحەددین کردووەتە ئامانج، هەروەها ڕۆژی چوارشەمە لە گوندەواری دەرعا باشووری سووریا هێرشی کردە سەر ناوچەی حارا، بەمەیش دەیەوێت ڕێگری بکات لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە ستراتیجیە لە لایەن ئێرانەوە.

هەروەها ئاژانسی هەواڵیی نیمچە فەرمیی ئێرانی فارس لە هەواڵێکیدا کە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی حەشدی شەعبی بڵاویکردووەتەوە، هەواڵی پەلامارەکە ڕەتکردۆتەوە و ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی هاوشێوە دەکات کە ئامانجی سەربازیی ئەمریکا بووە لە ناوچەی ئەلبوکەمال لە سنووری ئێران و عێراق.



لەبارەی پرۆژە یاسای ڕاگرتنی فرۆشتنی چەک بە سعوودیە

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا نەیتوانی بەر بە ڤیتۆکەی ترەمپ بگرێت

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا، نەیتوانی بەر بە ڤیتۆکەی سەرۆکی ئەو وڵاتە، دۆنالد ترەمپ بگرێت لەبارەی پرۆژە یاسای ڕاگرتنی فرۆشتنی چەک بە سعوودیە. پرۆژە یاساکە کە پێشنیاری ڕێگرتن دەکات لە فرۆشتنی چەک لە لایەن ئەمەریکاوە بە سعوودیە، سێجار لە ئەنجوومەنی پیران دەنگدانی لەسەر کرا.

لە دەنگدانەکاندا ئەنجامی 40 بەرامبەر 45، 39 بەرامبەر 45 و 41 بەرامبەر46 بەدەستهات و 15 سیناتۆریش دەنگیان پێ نەدا. بەو ئەنجامانەیش زۆرینەی ڕەهای دوو لەسەر سێ بەدەست نەهات بۆ ڕەتکردنەوەی ڤیتۆکەی ترەمپ. بەو شێوەیەش ئەنجوومەنی پیران نەیتوانی ڕێگری لە ڤیتۆکەی ترەمپ بکات. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەفتەی ڕابردوو بۆ جاری سێیەم ئەو پرۆژە یاسایەی ڤیتۆ کردەوە کە پێشنیازی ڕێگریگردن دەکات لە فرۆشتنی چەک بە سعوودیە بە هۆی گیانلەدەستدانی هاووڵاتیانی مەدەنی لە یەمەن کە پێشتر لە لایەن کۆنگرێسی وڵاتەکەیەوە ڕەوانە کرابوو.

بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەریی نیشتیمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت، بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی دەستی کردووە بە دانانی لیژنە بۆ پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندام و خانەنشینکراوان و، ئەو خانەنشینکراوانەی تەمەنیان گونجاو نەبووە بۆ خانەنشینی، دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کارەکانی پێشوویان.

لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەکی داناوە بۆ پێداچوونەوە بە لیستی کەمئەندامانی سەنگەر و خانەنشینانی پێشمەرگە لە نێو لیواکان، کە هێزەکانی 70 و 80ی وەزارەتی پێشمەرگەش دەگرێتەوە." بە گوتەی لیوا بابەکر، پێداچوونەوە بە ناوی پێشمەرگە کەمئەندامەکاندا دەکرێت و دووبارە لیژنەی تەندروستی دەیانبینێتەوە و پۆلێن دەکرێن، کە ئەو کەمئەندامانەی لە لیژنە تەندروستییەکە دەرچوون، وەک خۆیان دەمێننەوە و ئەوانەی دەریشناچن، خانەنشین دەکرێن، هەروەها ئەو خانەنشینانەی بە تەمەنێکی بچووکەوە خۆیان خانەنشین کردووە، ئەوانیش پێداچوونەیان پێدا دەکرێت و ئەوەی دەرنەچێت لە لیژنەی چاکسازییەکە، دابەشی سەر لیواکان دەکرێتەوە و دووبارە پێویستە لە کار و ئەرکی ڕۆژانەی خۆیان بەردەوام بن."



وەزارەتی پێشمەرگە بە ناوی لیستی کەم ئەندامان و خانەنشین کراوانداوە دەچێتەوە



لیوا عەبدولخالق:
لە ڕێگەی هەزاران کامێراوە باری ئەمنیی هەولێر دەخرێتە ژێر چاودێریی وردەوە

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، پڕۆژەی دانانی5 هەزار کامێرای چاودێری لە شوێنە گشتییەکان، کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە و لە ڕێگەی سەنتەری کۆنترۆڵەوە باری ئەمنیی هەولێر دەخرێتە ژێر چاودێریی وردەوە.

لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵەعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، بە میدیاکانی ڕاگەیاند: "پێش ساڵی 2014 بڕیار درابوو کە پێنج هەزار کامێرای چاودێری لە شوێنە گشتییەکان دابنرێن، بەڵام شەڕی داعش و قەیرانی دارایی پڕۆسەکەیان دواخست، ئێستاش بودجە تەرخان کراوە و دەست بە جێبەجێکردنی کراوە و لە هەموو شوێنە گشتییەکان کامێرای چاودێری دادەنرێت، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و هەر تاوانێکیش ئەنجام بدرێت، لە ڕێگەی ئەو کامێرایانەوە بە زووبی ئاشکرا دەبێت". بە گوتەی لیوا عەبدولخالق، سەنتەرێکی کۆنترۆڵی تایبەت بە چاودێریکردنی ئەو کامێرانە دانراوە، کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆوە بەڕێوە دەبرێت و لە هەر شوێنێک تاوانێک ئەنجام بدرێت، بە کەمترین ماوە لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و ڕێگری لە تاوانەکە بکەن، کە ئەمەش بۆ پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان هاوکارێکی زۆر باش دەبێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕوونیشی کردەوە، سەردتا پڕۆژەکە ناو شاری هەولێر و هەموو شوێنە گشتی و گرنگەکان دەگرێتەوە و دەشڵێ: "لە ئەولەویەتی کابینەی نۆیەم و وەزارەتی ناوخۆدایە، کە بە زووبی سەرجەم قۆناغەکانی دانانی ئەو پێنج هەزار کامێرایە تەواو بکرێن". تەڵەعەت، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، دانانی ئەو کامێرایانە هاوکارێکی باشە بۆ هێزە تەناهییەکان، چونکە وەک خۆی گوتی: "زۆربەی تاوانەکان لە ڕێگەی کامێرای شوێنە گشتییەکانەوە ئاشکرا کراون، ئەو کاتەی کە تاوانێک لە شوێنێک ئەنجام دەدرێت، ڕاستەوخۆ سوودمان لە کامێرای ئەو شوێنانە وەرگرتووە، کە ئەمەش ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی بۆ دۆزینەوەی تۆمەتباران ئاسانتر و خێراتر کردووە".

سێ بەنداوی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن



ئەندامێکی لیژنەی کوشتوکاڵیش لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ، لەبارەی دروستکردنی سێ بەنداوەکەی سنووری قەزای مێرگەسۆر، سبەینێ شاندێکی باڵای تورکیا سەردانی بەغدا دەکات. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی لیژنەی کوشتوکاڵ لە پەرلەمانی عێراق، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، سێ بەنداو لە سنووری مێرگەسۆر دروست دەکرێن و حکوومەتی عێراق و تورکیاش ڕەزامەندییان بۆ دروستکردنیان پیشان داوە. فارس ڕوونیشی کردەوە: "بڕیارە لەگەڵ شاندێکی باڵای تورکیا بە سەرۆکایەتیی فەیسەڵ ئۆغڵۆ، وەزیری پێشووی ئاو، کە ئێستا ڕاوێژکاری سەرەکیی تورکیایە، لەگەڵ 3پەرلەمانتار و سەرۆکی دامەزراوەی ئاوی تورکیا، کە لە 21 کەس پێکدێن، سبەینێ لە بەغدا کۆبوونەوەیەک بکەین، کە یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دروستکردنی ئەو سێ بەنداوەیە، کە بە هاوبەشی لە نێوان تورکیا، هەرێمی کوردستان و عێراق دروست دەکرێن، گفتوگۆی پێویست دەکرێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر ئەو بەنداوانە دەدرێت".

ئەو ئەندامەی لیژنەی کوشتوکاڵ لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "ئەو سێ بەنداوە لەسەر ڕووباری هاوبەش دروست دەکرێن، بە دروستکردنی ئەو بەنداوانە ئەو ناوچانە ئاوەدان دەکرێنەوە، کە ئێستا چۆڵن و خەڵک دەگەڕێتەوە سەر گوندەکانیان و ئەو گوندانە ئاوەدان دەبنەوە، هەروەها دەبێتە هۆی گلدانەوەی ئاو، ئەوەش بۆ کشتوکاڵ و گەشتیاری سوودێکی زۆری دەبێت، هەروەها بۆ کارەبا کە یەکێک لە بەنداوەکان 80 میگاوات کارەبا و هەروەها ئەوەی دیکەی 40 تا 50 میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت.

لە دەڤەری پشدەر بەرپرسی لقی11 گوندی دارەشمانەی بەسەرکردەوە



دوانیوەڕۆی ڕێکەوتی 29/7/2019 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی لق و لیژنەی ناوچەی ڕاپەرین، سەردانی گوندی دارەشمانەیان کرد. لەو سەردانەیاندا، بەرپرسی لقی 11 و شاندی یاوەری، ژمارەیەک خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و تێکۆشەرانی ئەو سنوردیان بەسەرکردەوە و لە هەواڵی تەندروستی و گوزەرانیان پرسین. هاوکات سەردانی گڵکۆی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، باوک و دامەزرێنەری میرنشینی بابانیان کرد.

پشکنین بۆ جۆر و کوالێتی دەبەی ئاوی خواردنەوە دەکرێت

لەکاتی گواستنەوەی ئاوی لەدەبەنراو لە پلەی گەرمی بەرز و تیشکی خۆر بەشێک لە پلاستیکەکە تێکەڵی ئاوی خواردنەوەکە دەبێت، ئەمەش بەیەکێک لە هۆکارەکانی تۆشبوون بە نەخۆشیە مەترسیدارەکان دادەنرێت لە نێوانداو شێرپەنجە ,لەبەر ئەم هۆکارەش قائیمقامیەتی سلێمانی بەووردی چاودێری کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی ئاوی لەدەبەنراو دەکات. کۆبوونەوەیەک لەدیوانی قائیمقامیەتی سلێمانی لەگەڵ هەریەک لە نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی ئابووری، کۆنترۆڵی جۆری، پیشەسازی، تەندروستی و بەئامادەبوونی نوێنەرەکانی وەزارەتی ژینگە و تەندروستی عێراق، لەگەڵ خاوەن کارگەکانی ئاوی سنوری پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوو. لەکۆبونەوەکەدا ئاوات محەمەد قائیمقامی سلێمانی ڕایگەیاند: لەکاتی گواستنەوەی ئاوی لەدەبەنراو لەکارگەکانەوە بۆ بازاڕ و شوێنی بەکارهێنانی پێویستە بەڕێگەی تەندروست و زانستی بگیرێتەبەر، نابێت لەپلەی گەرمای بەرز و بەرتیشکی خۆر ئاو بگوازرێتەوە بۆیە دەبێت کارگەکان خۆیان گواستنەوەی ئاو بۆ شوێنەکان لە ئەستۆ بگرن و بەبەردی تایبەت بیگوازنەوە. گوتیشی؛ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی ساردکەرەوە و ڕێگەی زانستی بۆ گواستنەوەی ئاوی لەدەبەنراو مەترسی کارلێک و شیبونەوەی بەشێک لە پلاستیکەکە کەم دەکاتەوە کەبەیەکێک لە هۆکارەکانی تۆشبوون بە نەخۆشیە مەترسیدارەکان بە تایبەتی شێرپەنجە دادەنرێت. قائیمقامی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچونی کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و جۆری ئەو ئاو دەبانەش دڕووست دەکرێت کە لە کارگەکان بەرهەم دەهێندرێت تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبنەوە لەوەی ئاوێکی تەندروستی بگاتە دەستی هاوڵاتیان , ڕوونشی کردەوە لەلایەن لیژنەهاوبەشەکان بەهاوکاری هاتوچۆی سلێمانی چاودێری بازاڕ و شەقامەکان دەکەن و هەرشوێنێک سەرپێچی بکات و ئاو لە پلەی گەرمای بەرز و بەرتیشکی خۆر بگوازێتەوە یاخود عەمبار بکات شوێنەکە و خاوەنەکەشی ڕوبەڕوی سزایتوندی یاسایی دەکرێتەوە.

کەرکووک.. برایەک خوشکەکەی خۆی کوشت

بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە 30/7/2019 کورێک لە گەڕەکی پەنجاعەلی لەشاری کەرکوک هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵی خوشکێکی خۆی و تەقەی لێکردووە و دەستبەجێ ژنەکە گیانی لەدەستداوە. ئافرەتە کوژراوەکە خاوەنی 3منداڵ بووە و تەمەنیشی 33 ساڵ بووە. بەپێی ڕاگەیاندراوی بەرپرسانی پۆلیسی کەرکوک کورەکە چەکی کلاشینکۆفی پێبووە و هەر چووەتە ماڵەوە و تەقەی کردووە و دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە. ڕاشیدەگەیەنن کە هاوسەری ئەو ئافرەتەش وتوپەتی منیش نازانم هۆکاری کوشتنەکە چییە. جێی ئاماژەیە لە ماوەی 2 ڕۆژدا لە کەرکوک 2 حاڵەتی کوشتن لە کەرکوک لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێت.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/31 ژمارە (5801) | خەبات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژن یاری بە نرخی کاڵاو کەلوپەل دەکرێت

خاوەنی کۆمپانیایەک: هەر دوکانداڕێک کاڵای ئێمە بەگران بفرۆشێت چیتر مامەڵەی لەگەڵ ناکەین

هاوواڵتییەک: مارکێت و مۆڵەکان ڕیکلامی داشکاندن دەکەن، بەڵام کە سەردانی شوێنەکە دەکەیت وانییەو داشکاندن تەنیا بۆ کاڵا سادەکان دەکەن

خاوەنی مارکێتێک: داشکاندن بۆ کاڵاکان دەکەین و چاومان لەقازانجی بێ بەرانبەر نییە



ڕاپۆرت / فاتیح بەرزنجی

هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی جەژن و بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا نرخەکان گران دەبن و هاووڵاتیان داوا لە لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ دەکەن، کە کارەکانیان چڕتر بکەنەوەو ڕۆژانە سەردانی بازاڕو کۆگاکانی خۆراک و کەلوپەل بکەن بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەنرخەکان بکۆڵنەوە تا بازرگان و خاوەنی دوکان و مۆڵەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن و نرخی کاڵاکان بەرزتر نەکەنەوە.

بەپێی قسەی هاووڵاتیان هەندێ لە بازرگان و دوکانداران و خاوەنی سوپەر مارکێتەکان گوێ بەڕێنماییەکان نادەن. بۆ ئەوەی چیتر هاووڵاتیان گلەیی و گازندە لەگرانی نرخەکان نەکەن هەموو ساڵێک لیژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ چەندین ڕێنمایی گرنگ دەردەکەن و لیژنەکان کارەکانیان فراوانترو چڕتر دەکەنەوە.

ساڵانە ئەو گلەیی و ناڕەزایەتییەی هاووڵاتیان زۆردەبن لەسەرگرانی نرخی کاڵاو کەلوپەلی تایبەت بە جەژن و خۆراک، لیژنەکانی قایمقامیەتیش بەردەوام بەدواداچوون بۆ کوالیتی خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکەن. بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە سەردانی بازاڕی هەولێرمان کردو ڕاوسەرنجی ژمارەیەک لە هاووڵاتیان و دوکاندارانمان وەرگرت.

ئازاد تاهیر لەبازاڕی شێخەڵا خەریکی کڕینی خۆراک بوو گوتی: هاتووم تا بۆ بۆچەند ڕۆژێک خۆراک بکڕم، هەندێ لە دوکاندارانلەو ماوەیە نرخەکان گران دەکەن و ویژدانی خۆیان ئاسوودە ناکەن و ڕەچاوی باروگوزەران و باخەڵی خەڵکی ناکەن.

کامەران خالید فەرمانبەری حکوومەتەو گوتی: داواکارم لە لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ لەو ماوەیەدا کارەکانیان چڕتر بکەنەوەو ڕۆژانە لە نرخەکان بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی بازرگانان و دوکاندارانئەو هەلە هەڵنەقۆزنەوەو نرخەکان گران نەکەن.

شاخەوان ئیسماعیل گوتی: چەندین سوپەرمارکێت و مۆڵی خۆراک ڕێکلام بۆ هەرزانی نرخەکان دەکەن هەر کە سەردانی شوێنەکە دەکەیت وانییەو داشکاندن بۆ کاڵا سادەکان دەکەن و داشکان بۆ خۆراک و کەلوپەلی پێویست و پەیوەست بە جەژن و بۆنەکان ناکەن، بەداخەوە ئەو شوێنانە لەپێناو قازانج ڕیکلام دەکەن لەپێناو یارمەتیدانی خەڵکی ئەو کارە ناکەن، هەقوایە لیژنەکان لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو شوێنانە و جۆری ڕیکلام و ئەو دەزگایانەیش بکەن، کە ڕیکلامی ناڕاست بۆ ئەو مارکێت و مۆڵانە دەکەن.

خاوەنی کۆمپانیایەکی خۆراکیش گوتی: ئێمە هەمیشە هەوڵماندواوە داشکاندن بۆ کاڵاکان بکەین و ڕەچاوی بارو گوزەرانی خەڵکی بکەین و خۆراکێکی زۆر ڕەوانەی بازاڕ بکەین، بەتایبەتی لەو ماوەیە کە نزیکدەبینەوە لە جەژنی قوربان، هەرگیز لەلای ئێمە نرخەکان گران ناکرێت وهەر دوکانداڕێک کاڵای ئێمە بەگران بفرۆشێت ئێمە چیتر مامەڵەی لەگەڵ ناکەین.

مەحمەد خاوەنی سوپەر مارکێتێک بوو گوتی: بۆ بەرژەوەندی خەڵکی ماوەماوە داشکاندن بۆ کاڵاکان دەکەین و چاومان لەقازانجی بێ بەرانبەر نییەو لەنزیکەوە لە بارو گوزەرانی هاووڵاتیان دەڕوانین، نابێ دوکانداران لەو بۆنە نەتەوەیی و ئایینیانەدا چاویان ببڕنە قازانج و فڕوفێڵ، هەر کەسێکیش لەو دوکاندارانەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین ڕێنماییامان پێداون، کە لەبەر ناوبانگ و بەرژەوەندی مارکێت و کۆمپانیاکانی خۆمان نابێ کاڵا و کەلوپەلەکانی ئێمە گران بکەن.

خاوەنی کۆمپانیایەکی دیکە گوتی: ئێمە هیچکات بیر لەقازانجی زۆر ناکەینەوە، بەتایبەتیش لە بۆنەکاندا، بەڵکو ئەو بۆنە نەتەوەیی و ئایینیانە دەرفەتێکن بۆ زیاتر ناساندنی کاڵا و کەلوپەل و خۆراک و ئەو پێداویستیانەی هاوردەیان دەکەین، بۆیەش بەردەوام و بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێیوایە کۆمپانیاکان نرخەمان بەرزدەکەنەوە، ئێمە داشکاندن دەکەین، بەڵام ئەوەیش ڕاستە کە هەندێک مارکێت و مۆڵ و دوکان هەن کە بەدەرفەتی دەزانن نرخ بەرزبکەنەوە لەبەر زۆری خواست و کڕیار، بەڵام بەگشتی ئەوە بەڵای کۆمپانیاکانەوە کارێکی هەڵەیە.

کۆمپانیایەکی دیکەی هاوردەکردنی خۆراک لە دەرەوەی وڵات، خاوەنەکەی ئامادە نەبوو قسە بۆ میدیا بکات، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان خۆراکێکی زیاتر دەخەنە بازاڕەکان و داواش لە هاووڵاتیان دەکەن کە خۆراکی زۆر نەکڕن، چونکە ژمارەی کۆمپانیاکانی خۆراک زۆرەو خۆراک لە بازاڕدا کەم ناکات تا نرخەکەی زیاد لە پێویست گران بێت، هاوکات ئەوەشی گوت کە هەر یەکێک لەو کەسانەی کەخۆراکی هاوردەی کۆمپانیاکەی ئەوان بەگران بە خەڵکی بفرۆشێت چیتر مامەڵەی لەگەڵدا ناکەین.





بەر لە فرۆشتنیان سەرجەم ئاژەڵەکان لە ئاوی ڕووبار دەشۆن

ئاژەڵدارانی مووش لە باکووری کوردستان ئاژەڵەکانیان بۆ قوربانیکردن ئامادە دەکەن

خەبات: باکووری کوردستان

لە باکووری کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری مووش ئاژەڵداران بەر لە هاتنی جەژنی قوربان ئاژەڵە بچووکەکان لە ڕووباری کاراسودا دەشۆن و دوای ئەوەی کە هەموو شتێکیان بۆ ئەنجام دەدەن، دەیبەنە بازاڕ بە مەبەستی فرۆشتنیان.

لە مووش ئاژەڵداران بەر لە جەژنی قوربان ئاژەڵە بچووکەکانی خۆیان و ئەوانەی بە مەبەستی قوربانی کردن ئامادەکراون، لە ڕووباری کاراسودا دەشۆن و دوای ئەوەی کە هەموو شتێکیان بۆ ئەنجام دەدەن، دەیبەنە بازاڕەکان و دەیانفرۆشن، کاری چڕی ئاژەڵدارانی مووش بەر لە جەژنی قوربان دەست پێدەکات. ئەوان لەگەڵ گەرمبوونی کەشوهەوادا ئاژەڵەکانیان بۆ کوێستانەکان بۆ لەوەڕێکی باشتر دەگوازنەوە و لە ئێستادا بەردەوام ناوەندی شارەکان دەیانهێننەوە. لە پێناو ئەوەش کە ئاژەڵەکان بە خاوێنی ڕادەستی کڕیاران بکەن لە ڕووباری کاراسودا دەیانشۆن.

دوای ئەوەش کە دەیانشۆن و خورییەکەیان دەبریسکێتەوە لە پاکیدا، کاری دیکە چ شتێک پێویست بکات بۆ ئاژەڵەکان ئەنجام دەدرێت و بە مەبەستی فرۆشتنی بۆ شارە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیا ڕەوانە دەکرێن.

سەرۆکی مانگی سووری تورکی، کەرەم کنک ئاشکرایکرد ئامانجیان ئەوەیە 180 هەزار بەش گۆشتی قوربانی لە 51 وڵاتدا بگەیەنن چوار ملیۆن و 500 هەزار کەس.

کەرەم کنک لەگەڵ ڕۆژنامەوانان ئەو قەسابخانەیەی لە شارۆچکەی کەمال پاشا سەر بە پارێزگای ئیزمیری بەسەرکردەوە کە کار لەسەر ئەو بەخشینانە دەکەن کە مانگی سووری تورکی بۆ جەژنی قوربان بەدەستی دەگات.

کنک باسی لەوەکرد سەرجەم ئەو قوربانییانەی لە تورکیا سەردەبیپردرێن لەم ناوەندە لێدەنرێن و لە قوتوو دەنرێن، ڕاشیگەیاند: سالانی پێشوو گۆشتەکانمان بەشێوەی 800 گرامی لە قوتوو دەنا و بەسەر ئەو کەسانەی کە کەمدەست بوون، دابەشدەکرد. ئەمسال لانیکەم قوتووی پێنج و 10 کیلۆیی ئامادە دەکەین و دەیگەیەنینە ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکارییە.

جەختی لەوەشکردەوە بە دڕێژایی جەژن 130 هەزار کیلۆ گۆشت لەناوخۆی تورکیادا دابەش دەکەن و بەهۆی ئەوەی ئەو گۆشتانەی کە پێیان دەگات لە قوتووی دەنێن دەتوانن بە دڕێژایی ساڵ بیانگەیەنن ئەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی.

کەرەم کنک ئاماژەی بەوەشکرد ئەمسال ئامانجیان ئەوەیە 180 هەزار بەش گۆشتی قوربانی بگەیەنن چوار ملیۆن و 500 هەزار کەس لە 51 وڵات و لەو ژمارەیەش دوو ملیۆن و 500 هەزار کەسیان لە ناوخۆی تورکیان.





ئاژەڵداران بەر لە هاتنی جەژنی قوربان ئاژەڵە بچووکەکان لە ڕووباردا دەشۆن

لە یادی 36مین ساڵیادی بێسەرو شوێنکردنی 8 هەزار بارزانیدا

هەرگیز ئیرادەی بارزانی و بارزانییەکان نەشکاوە و ناشکێت

سەرۆک بارزانی لە یادی ئەنفالی بارزانییەکاندا:

گوندی بارزان 16 جار لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردستان سووتێنراوە و وێران کراوە، بەڵام هیچ جار بارزان سەری بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد و خۆی بەدەستەوە نەدا و هیچ کات ئیرادەی نەشکاوە

نێچیرڤان بارزانی: کورد پێویستە هەمیشە شانازی بە دایکانی بارزانی و هەموو دایکانی کەسوکار ئەنفالکراوەوە بکات، کە چۆکیان بۆ درێندانەترین هەڵمەتەکانی جینۆسایدکردن دانەنواند، ئەوانە ناسنامە و شەرەفی نیشتمانیی کوردیان پاراست



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

ئەنفال تاوانێکی تری نامرۆڤانەیە کە رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ قڕکردن و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد بە درێندانەترین شێوە بەکاری هێنا ، ئەو تاوانانە ئەمڕۆ بووەتە شوناسێکی ڕەش و نەگریس بە میژووی پڕ لە ستەمی رژێمی بەعس، هاوکات بووەتە بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ زوڵم لێکراویی کوردو ڕەوایەتی خەباتی ئەم میللەتە لە دوێنێ و ئەمڕۆدا. لەم پڕۆسەی ئەنفالی کورد، رژێمی بەعس 182 هەزار کوردی بێتاوان ئەنفال کرد، لە چوارچێوەی ئەو تاوانەدا لە 1983/7/31 رژێمی بەعسی ئابلۆقەی ئۆردوگای قوشتەپەو بەحرکە و شوێنەکانی تری داو سەرئەنجام 8 هەزار پیاوی بارزانیان ڕاپێچ کردو دواتر شوێن بزرو زیندەبەچاڵیان کردن. لە 36مین ساڵیادیدا، «خەبات» چەند کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکانی بەسەرکردەوە و ئەوانیش بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتنە ئاخەوتن:



لە ناحیەی گۆڕەتوو سەربەدەقەری بارزان چاوم بە(عەیش ئەحمەد محەمەد) کەوت کە هاوسەرەکەی وزیاتر لە 14 کەس لە خزم و کەسیان بە دەستی رژێمی بەعس ئەنفالکراوە، بەمشێوەیە هاتە ئاخەوتن: دوای نسکۆی ساڵی 1975 پیاوانی رژێمی بەعس هاتنە گوندی شانەدەری سەربەدەقەری بارزان و ئێمەیان بەرەو باشووری عێراق برد، کە ئەویش دەشتێکی وشک وبێ ئاو و چۆل بوو، کە لەسەر دیوار نووسرا بوو(بارزانییەکان مان و نەمان) واتە ژیانێکی نەمری و نەژی بەرەزاڵەت بۆ ماوەی نزیکەی 4ساڵ زیاتر لەوێ ماینەوە، دواتر ئێمەیان بردە ئۆردوگای قوشتەپە، ئەوە بوو کە لە ڕۆژی 1983 /7/31 بەرەبەیانێکی زوو بوو جەلادەکانی بەعس دەوریان لە ئۆردوگای قوشتەپەدا، دەستیان کرد بە گرتنی پیاوەکانی ئێمە، پاشان هەموویان گرتن لە ناو "زیلی" عەسکەری و مەنشەئەیان کردن و دواتر ئێمە ئافرەت و منداڵەوە لە ژووری گرتن و چەندین جار تەقەیان کرد، تەنانەت چەندین ئافرەتیش بریندار بوون، ئیدی ئێمە نەمانزانی چی بکەین، تەنها ئافرەت و منداڵان مابوونەوە، منیش منداڵە دووماڵگیەکەم کە لە زگم دابوو لەگەڵ 3 کچی منداڵ سەرگەردان بووین. ئێمەی ئافرەتان بۆ بژێوی و پێداویستیەکانی ژیان دەچوونە ئیش، وەکوتەماتە ڕنین و پیازچاندن و زۆر ئیشی زەحمەت، ئیشی پیاوانیشمان دەکرد وەکو چیمەنتۆ کێشانەوە و کرێکاری، زۆر ناخۆش بوو چەندین جار کارەبا و ئاویان لە ئێمە بڕی، سەبرمان نەدەهات منداڵانی ئێمە کە دەچوونە سەر کانیەکان ئاویان دەهێنا ، دواتریش پیاوانی رژێم ئاویان لێ دەڕژاندن، من ناتوانم هەموو شت بگێڕمەوە، چونکە ئەو ڕەزاڵەت و زەحمەتیەی کە ئێمە کێشاومانە کەس نییە بتوانیت تەعبیری لێ بکات، سوپاسی خەڵکی هەولێر و دەوروبەر دەکەم کە بەڕاستی خۆیان زۆر بە ئێمە ماندووکرد و زۆر هاوکاریانکردین.

لە هەولێری پایتەخت چاومان بە خاتوو (فاتیما شا حوسێن) کەوت کە هاوسەری ئەنفالکراوێکە، و هەوەها وەک شاهیدحاڵێک لە بەغدا لە هۆڵی دادگای سەدام حوسێن و دارو دەستەی وەکو شاهید حاڵێک شاهیدی داوە، لە بارەی کارەساتی ئەنفال گوتی:

بەڕاستی هاوسەری من (خۆشەوی حەمۆ مەحمود) کە لەسەرڕێگا ئەنفال کرا لە گەڵ بارزانییەکان و من هاوسەرم و باوکم و 2 برایەکانم و 4 برایەکانی هاوسەرم و 4 هاوسەری خوشکەکانم، نزیکی 40 کەس لە بنەماڵەکەم لە گەڵ بارزانییەکان ئەنفال کران، ئێمە لەم ئۆردوگایەدا نەمانزانی چی بکەین و لە لایەک شین و گریان و لە لایەکی تر بێ کەسی و تەنها ئافرەتان و منداڵانی بچوک و ساوا مابووین، کەس نەبوو ئیش و کارمان بۆ بکات و بژێوی ژیانمان بۆ دابین بکات، دەچوینە سەر ئیش و بۆ بژێوی ژیان هەر جورە ئیشێکیان دەست بکەوتایە دەمانکرد، نەمان دەهێشت بە ڕەزیلی بژین، بەراستی زۆر ناخوشیمان دیت. من بەخۆم یەکێک لەو کەسوکارانەی ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکان بووم کەلە بەغدا لە هۆڵی دادگای سەدام حوسێن و داروودەستەی وەکو شاهید حاڵێک شاهیدم دا کە ئەوان چەند زاڵم و بێ وێژدان و زۆردار بوون. بۆیە سەربەرزم کە ئەو تاوانکارانە بە سزای خۆیان گەیشتن.

لە گوندی ژاژوک سەربە دەقەری بارزان چاومان کەوت بە (ئیسمەر خدر مەلا عەلی) کە هاوسەرکە و زیاترلە 12 کەس لە کەسوکاری بە دەستی رژێمی دیکتاتۆری سەدام ئەنفال و بێ سەروشوێن کراون، سەبارەت بەم ڕۆژە گوتی: ئێمەش وەکو ئەنفالکراوەکان لە ئۆردوگای قوشتەپە دا لە بەیانیەکی زوو، نەمانزانی کە چ ڕوویداوە بەس ئەوەمانزانی کە سوپای درێندەی عێراق و عەسکەر و فڕۆکە و هەلیکۆپتەر دەوروبەری ئۆردوگای قوشتەپە یان گرت و پیاوەکانی ئێمەیان کە بەیانی دەچوونە سەر ئیش هەموویان لە سەر ڕێگا گرتن و بە درێندانەترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن و ڕاپێچی شوێنێکی نادیاریان کردن، ئێمە لەم ئۆردوگایە تەنها ئافرەت و منداڵی بچوک و ساوا مابووین، کەس نەبوو ئیش و کارمان بۆ بکات و بژێوی ژیانمان بۆ دابین بکات، دەچوینە سەر ئیش و بۆ بژێوی ژیان هەر جورە ئیشێکیان دەست بکەوتایە دەمانکرد، نەمان دەهێشت بە ڕەزیلی بژین، بەراستی زۆر ناخوشیمان دیت. من بەخۆم یەکێک لەو کەسوکارانەی ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکان بووم کەلە بەغدا لە هۆڵی دادگای سەدام حوسێن و داروودەستەی وەکو شاهید حاڵێک شاهیدم دا کە ئەوان چەند زاڵم و بێ وێژدان و زۆردار بوون. بۆیە سەربەرزم کە ئەو تاوانکارانە بە سزای خۆیان گەیشتن.

لە گوندی ژاژوک سەربە دەقەری بارزان چاومان کەوت بە (ئیسمەر خدر مەلا عەلی) کە هاوسەرکە و زیاترلە 12 کەس لە کەسوکاری بە دەستی رژێمی دیکتاتۆری سەدام ئەنفال و بێ سەروشوێن کراون، سەبارەت بەم ڕۆژە گوتی: ئێمەش وەکو ئەنفالکراوەکان لە ئۆردوگای قوشتەپە دا لە بەیانیەکی زوو، نەمانزانی کە چ ڕوویداوە بەس ئەوەمانزانی کە سوپای درێندەی عێراق و عەسکەر و فڕۆکە و هەلیکۆپتەر دەوروبەری ئۆردوگای قوشتەپە یان گرت و پیاوەکانی ئێمەیان کە بەیانی دەچوونە سەر ئیش هەموویان لە سەر ڕێگا گرتن و بە درێندانەترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن و ڕاپێچی شوێنێکی نادیاریان کردن، ئێمە لەم ئۆردوگایە تەنها ئافرەت و منداڵی بچوک و ساوا مابووین، منیش منداڵێکی 3 مانگی لە ناو زگم دابوو ، کەس نەبوو ئیش و کارەکانمان ڕابپەڕێنێت، پیاوانی ڕژێمی سەدام پیاوەکانی ئێمەیان دەگوت کە ئێمە ئەوانە دەبەینە بەغدا کۆبونەوەیان لە گەڵ دەکەین، هیچ ژیانمان نەبوو ، ئاو و ئەرزاقیان لە ئێمە بڕی، قوتابخانە و نەخۆشخانەیان وێران کرد، بەڕاستی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری زۆر هاوکاری ئێمەیان کردو زۆربەیان بە نهێنی هاوکارییان دەکردین و خۆیان تووشی مەترسی دەکر.

**لە بارەی ئەو ژیانە قورسەی خێزانی پارزانییەکانی گوزەریان دەکرد پاش ئەنفال کردنی پیاوەکانیان، لەگوندی (دەربوتک) سەربەدەقەری بارزان چاومان بە (ڕەقیا مستەفا)کەوت کە هاوسەری دەبوایە بژێوی ژیانی منداڵانی دیکەی خۆمان دابین بکەین، چونکە لە دوای ئەنفالکردنی پیاوەکانمان لەم ئۆردوگایەدا کەس نەبوو کە ئیش و کارمان بۆ بکات و هیچ ژیانمان نەبوو، ئاو و ئەرزاقیان لە ئێمە بڕی و هەتا قوتابخانە و نەخۆشخانەیان وێران کرد، قوتابخانەکانیان وێران کردو نەیانهێشت منداڵەکانمان بخوێنن، زۆر کارەساتمان بەسەرداهات دەبوایە چووبایینە لای جیرانەکانی دەورووبەر ئاومان هێنا بووایە. سەربازەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق دەهاتن ماڵ بە ماڵ دەگەڕان هەموو جار کەنتور و سندوقیان دەشکاند و کولیتی ئاژەڵی وەک مریشکیان دەستواند هیچ جێگایەک نەدەما نەگەڕێن، هەندێکجار کە منداڵەکانمان دەچون بۆ ئاو جەلادەکانی ڕژێمی بەعس لەسەر ڕێگا ئاویان لە منداڵانی ئێمە دەڕشت، یەکێک لە ئێمە کە بمردایە ، پیاوێک نەبوو بیباتە قەبرستان و هەر ئێمە ناچار دەچووین و مردوی خۆمان دەشاردەوە، ئافرەتمانان دەچووینە سەر ئیش و بۆ بژێوی ژیان هەر جورە ئیشێکیان دەست بکەوتایە دەیانکرد، وەکو تەماتە ڕنێ و پیاز وچاندن و... هتد و نەمان دەهێشت بە ڕەزیلی بژین،هەرگیز نیرادەمان نەشکا و ناشکێت. ئێمەی ئافرەتە بارزانییەکان هەتا ئەو نیشانەی کە کاری پیاوەکان بوو دەمانکرد زۆربەی ئیشی چیمەنتۆ کێشانەوەمان دەکرد، کە زۆر ناخۆش بوو و زۆر ئازارمان دەکێشا ، خەڵکی هەولێر و دەوروبەری چاک دەزانن کە ئێمە چۆن بە سەختی دەژیاین، لێردا بە پێویستی دەزانم بڵێم کە ئێمە قەد چاکەی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری لە بیر ناکەین کە هەموو هاوکارمان بوون و یارمەتیمانیان دەدایین. ئەو ڕۆژانە قەد لە بیر ناکرێت. ئێمە بەغدا بیری لەوە دەکردەوە کە مانەوەی بارزانی و بارزانییەکان بە واتای مانەوەی کورد و کوردستان لەمەیان ڕژێم ڕاستی دەکرد کە بەڵێ بوون و مانەوەی بارزانی لە گۆڕەپانداو بەواتای مانەوەی کورد و کوردستان دێت، هەر بۆیە وویستی کارێک بکات سەرەتا بارزانییەکان بوونە قوربانی ،بەڵام ئەم کارەی ڕژێم دووچاری گەورەترین ڕەخنە بووە ، ئەوەی لەو سەردەمەدتا ئێستاش دەزانێت کوردستان بە گشتی و هەولێری پایتەخت بە تایبەتی چەند خەمبار و دڵشکاوبوون ، هەولێرییەکان چ بە ئاشکرا یان لە دڵەوە ماتەمیان بۆ بارزانییەکان دەگێڕا ،بازاڕ کش ومات، کووچە و کۆڵان خەمبار و غەمگین ، چاوەکان تێکەڵ بە فرمێسک ببوونەوە ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژوو لەو ماوەیەدا زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتی کورد بە تایبەت لە هەولێری پایتەختدا ڕەشیان پۆشیبوو وەک خاوخەمییەک بۆ ئەو خوشکانەی بەبێ پیاو مابوونەوە .. دوای ئەمانە و پێشتریش دەسەڵات بەردەوامبوو لە ئەنفالکردنی کورد چ کوردانی فەیلی یان گەرمیان وبادینان ، هەروەها کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی بالیسان و شێخ وەسان ، وێرای وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند ، دواتر نیشتەجێکردنی هاوڵاتیانی کورد لە کۆمەڵگای زۆرە میلی وەک ئەوەی بۆ بارزانییەکان کرا، تا وەک دیلی هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵدا بن .. ئەوانەی بارزانییەکان و ئەوانی دواتریان ئەنفال کرد، کارێکیان ئەنجامدا کە هاتە دوونیا ماوە ئەو کارەیان ببێتە (لەکەیەکی ڕەشە بە نێو چەوانی شۆفینزم) .هەموو ئەوانەی تاوانیان دژ بە کورد ئەنجامدا ڕووخساریان پڕ بوو لە شەرمەزاری بەبێ جیاوازی لە سەردەمی پاشایەتیدا تا دەگاتە سەردەمی ئێستامان ، بەڵام لە بەرانبەردا کورد بە ڕابەرایەتی بارزانی هەر ماوەیە سەربەرز و سەرفراز.

ئەنفالی بارزانییەکان لەکەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی شۆفینزم




یونس حەمەد ـ ئۆسلۆ

بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە 1983/7/31، لە دیرۆکی کورد دا ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو ، بەڵکو گەورەترین تراژیدیای سەردەمی بەخۆوە بینی ، لەم بەرە بەیانەدا زیاتر لە هەشت هەزار کورد لە هۆزی تێکۆشەری بارزان بە دەستی شۆفینزمی عەرەبی کە (بەعس) نوێنەرایەتی دەکرد بوونە قوربانی و لە بیابانەکانی باشووری عێراق شوێن بزر و ئەنفال کران ..

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کە بەنەخشەو پیلانێکی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا ، لێردا چەندین کوردی سڤیل بە ماڵ و منداڵەوە دووخرانەوە شارەکانی باشووری دەوڵەتی بە ناو عێراق ، پیر و لاو کچ و کوڕ ئافرەت هەر هەموویان بوونە دیلی بەردەستی شۆفینزمترین دەسەڵاتی مێژووی هاوچەرخ ، تاوان دوای تاوان بە درێندەترین شێوە و شێواز لە بیابانێکدا کە ئەستەم مرۆڤ بتوانێت پێناسەی بکات ، دوای ماوەیەک لە نیوەی دووەمی هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ، ڕژێمی (بەعس) بە هۆی چەندین فشاری جۆراوجۆر ڕێگای دا دوورخراوەکان بگەڕێننەوە کوردستان ، بەڵام بە پێی بەرنامە و پیلانی دەسەڵات، بە تایبەت بۆ چەند هۆکار بارزانییەکان نەدەکرا بڕژێنە نێو کۆمەڵگا چ لە شار یاخوود لە دێهاتەکاندا ، هەروەها بە هیچ جۆرێک ڕێگا نەدەدرا دووخراوان بگەڕێننەوە زێدی باب و باپیران ، ئەمەش پیلان و بەرنامەی داڕێژاو ڕژێم بوو تاوەکو بۆ هەر حاڵەتێک خەڵکە لەبن دەستیاندا بن !،لە هێرشێکی بەربڵاوی سوپا و دارودەستەکانی ڕژێمدا لە بەیانیەکی زووداً کە جگە لە دەنگی باڵندەکانی ئاسمان هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا ، ئەوەبوو لە هەڵمەتێکی ڕەشبگیریدا، ڕژێمی بەعس زیاتر لە هەشت هەزار کەسی بارزانی سڤیل وبێ تاوان دەستگیر کرد، لە چەند کاتژمێرێکدا بالەهەڵگرەکانی(زیل و ئیفە) و بە چەندها چەک و سەرباز و سووپا و(جەیشی بە ناو شەعبی) پیاوانی (ئەمن و هەواگری) کارە قێزەوەنەکەیان لە کۆمەڵگاکانی قووشتەبە وبەحرکە وهەربر ئەنجامدا ، بێگوومان ئەو کارەی ڕژێم هەرەمەکی نەبوو ، بەڵکو پیلان و بەرنامەیەکی دڕێژ خایەن بوو کە خۆی لە چەند هۆکارێک دەبینیەوە ، ڕژێم باش دەیزانی تەنیا ناوی بارزانی ترس وتۆقێنەرە بۆ ڕژێم ، هەروەها باش لەوە تێگەیشتبوون بەوەی ناو و بوونی بارزانی بۆ گەلی کورد هێما و سیمبوولە، دەسەڵاتی شۆفینیزمی خاوخەمییەک بۆ ئەو خوشکانەی بەبێ پیاو مابوونەوە .. دوای ئەمانە و پێشتریش دەسەڵات بەردەوامبوو لە ئەنفالکردنی کورد چ کوردانی فەیلی یان گەرمیان وبادینان ، هەروەها کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی بالیسان و شێخ وەسان ، وێرای وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند ، دواتر نیشتەجێکردنی هاوڵاتیانی کورد لە کۆمەڵگای زۆرە میلی وەک ئەوەی بۆ بارزانییەکان کرا، تا وەک دیلی هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵدا بن .. ئەوانەی بارزانییەکان و ئەوانی دواتریان ئەنفال کرد، کارێکیان ئەنجامدا کە هاتە دوونیا ماوە ئەو کارەیان ببێتە (لەکەیەکی ڕەشە بە نێو چەوانی شۆفینزم) .هەموو ئەوانەی تاوانیان دژ بە کورد ئەنجامدا ڕووخساریان پڕ بوو لە شەرمەزاری بەبێ جیاوازی لە سەردەمی پاشایەتیدا تا دەگاتە سەردەمی ئێستامان ، بەڵام لە بەرانبەردا کورد بە ڕابەرایەتی بارزانی هەر ماوەیە سەربەرز و سەرفراز.





کاروان محەمەد سینۆ

(ئەنفال)کردنی بارزانییەکان... کاتێک مردن ژیان دەبەخشێ

بارزانییەکان کەسانێکن ناسراو ترن لەوەی لە چەند دێرێکدا بیانناسێنم، هەرکاتێکی ناوی ئەو جوامێرانە دەبیسترێ، دەموودەست لەو چرکە ساتەدا بیبلۆگرافیا زیاتر لەسەدەیەک شۆڕش و خەبات و قوربانیدان بە ئەندێشەی بیسەردا تێدەپەڕێت. تەنانەت ناوی بارزانی ببووە ناسنامەی کورد لە سەرانسەری جیهاندا. لێردا لە 36 ساڵەی ئەنفال کردنی بارزانییەکان، دەخوازم بەخێرایی سەردتای سەرهەڵدانی خەبات و قوربانیدانی بارزانییەکان بخەمەروو کە زیاتر لە سەدەیەکە ئەم جوامێرانە خەبات و قوربانی دەبەخشن لەپێناو ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی میللەتی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان.

لە ساڵی 1872 پاش ئەوەی باوکی وەفات دەکات، جەنابی شێخ محەمەد شێخ عەبدلسەلام سەرپەرشتی تەکیەی بارزان دەکات. شێخ محەمەد مرۆڤێکی زانابوو لە کارووباری ئاینی و دونیایی، مرۆڤێکی زاهید و تەقوادار بوو، عادیل و دادپەروەر بوو، لەگەڵ ئەوەی ڕابەرێکی ئاینی پاک و پاراو بوو، هەروەها ڕابەرێکی کۆمەڵایەتی و دادپەروەربوو. لەسەر دەمی ئەودا تەکیەی بارزان لە سەرانسەری کوردستاندا ناوبانگی دەرکردبوو لە زانست و ماف و دادپەروەی، بەڵکوو ببووە فریاد ڕەس وپەناگای مەزلوم و لێقەوماوان، وایلێهاتبوو خەڵکی دەڤەرەکە و دەوروبەر پەنایان بۆ تەکیەی بارزان و خودی جەنابی شێخ محەمەد دەهێنا بۆ ئەوەی ناعەدالەتی و زوڵمیان لەسەر لابەبات و هاوکاری و پاڵپشتییان بکات و مافە زەوتکراوەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

بەم شێوەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ مورید و شوێنکەوتوانی تەکیەی بارزان و خودی جەنابی شێخ محەمەد ڕۆژدوای ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو، ئەمەش ببووە جێگای نیگەرانی چەند سەرۆک عەشیرەتێکی دەڤەرەکە کە وردەوردە دەسەلاتیان لە نێو خەڵکدا کەم دەبووەوە. بۆیە ئەم سەرۆک عەشیرەتانە سکاڵای خۆیان لەسەر جەنابی شێخ محەمەد بردە لای سوڵتانی عوسمانی، لە ئەنجامدا بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی جەنابی شێخ محەمەد بارزانی ڕادەگوێزرێتە شاری (بەدلیس) و لەوێ بۆ ماوەی ساڵێک زیندانی دەکرێ. ئەمەش ببووە ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزایی لەلایەن خەڵکی ستەمدیدە و مەزڵوم و هەژار کە جەنابی شێخ پشت و پەنای ئەوان بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی خەبات و شۆڕش دژی داگیرکەر و زاڵم و دوژمنان لەمێژووی نزیکدا لەم ڕۆژەوە دەستی پێکرد، ئیتر لەمەوپاش بارزان و بارزانییەکان بوونە پێشەنگ و سومبولی شۆڕش و خەبات و ڕاپەرین و بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد.

پاش وەفاتی شێخ محەمەد، جەنابی شێخ عەبدلسەلام (شیخ عەبدلسەلامی دووەم) کوڕی شێخ محەمەد بارزانی، وەکو سەرکردەیەکی نیشتیمان پەروەر و ڕابەری تەکیەی بارزان بەدەرکەوت. وێرای ئەوەی شێخ عەبدلسەلام ڕابەری تەکیەی بارزان بوو، هەروەها سەرکردەیەکی نیشتیمان پەروەر و سیاسەتمەدار و ئازادی خواز بوو، چەند عەشیرەتێکی دەوروبەر و خەڵکی دەڤەرەکەی لەژێر دەسەلاتی تەکیەی بارزاندا ڕێکخست و چەندی چاکسازی مولکایەتی و کشتوکاڵی و یەکسانی و دادوەری و کۆمەڵایەتی لەم دەڤەرەدا پەیڕەوکرد. ئەمەش هەوێنی دروستکردنی دەوڵەت و حوکمڕانی و سەرکردایەتی و شۆڕش بوو. پاش ئەوەی شێخ عەبدلسەلام داوای ماف و حوکمڕانی ئیداری دەڤەرەکەی دەکات، سوڵتانی عوسمانی ئەمە بە لادان و سەربەخۆیی لەقەڵەم دەدات و لەساڵی 1907 بەفەرماندەیی (محەمەد فازل پاشا داغستانی) هێرشێکی بەرفراوان دەکاتە سەر دەڤەری بارزان و تەڕو وشک پێکەوە دەستوتێن و ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەکان زیندانی دەکان،پاش بەرگرییکی جوامێرانەی بارزانییەکان، شێخ عەبدلسەلام ڕزگار دەبێت،لەم هێرشەی عوسمانییەکان جەنابی مەلامستەفای بارزانی لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ دایکی لە موسڵ زیندانی دەکرێن. ساڵی 1908 دووبارە شێخ عەبدلسەلام هێرش دەکاتەوە سەر سوپای عوسمانی لە دەڤەری بارزان و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنیت و زیانێکی زۆر بە سوپای عوسمانی دەگەیەنێ، لەئەنجام حکومەتی عوسمانی داوای دانوستان لە شێخ عەبدلسەلام دەکات. دواتر لە ساڵی 1913 دووبارە سوپای عوسمانی هێرش دەکەنەوە سەر بارزان بۆ دەستگیر کردنی عەبدلسەلام. دواتر بە خیانەت شێخ عەبدلسەلام لە گوندی (گەنگەجین/ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەستگیر دەکرێ و ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی دەکرێ، دواتر لەسێدارە دەدرێ. ئینجا لەتەمەنی 18 ساڵیدا جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی سەرکردایەتی تەکیە و بزوتنەوەی بارزان دەکات و لە ساڵی 1919 شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی چەکدار بەسەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی بۆ بەهاناچوونی شۆڕش شێخ مەحمودی حەفید دەنێرێت.

لە ساڵی 12/9/ 1931 لەژێر بردومنی فڕۆکەجەنگییەکانی ئینگلیز، عەقید (برقی بەگ) خۆی و سوپاکەی هێرشیان کردە سەر گوندی (بارزان) بۆ دەستگیر کردنی شێخ ئەحمەد، بەڵام دوژمن شکستی هێنا و پاشەکشەیان کرد. لەساڵی 1932/3/19 دیسانەوە سوپای عێراق بەپاڵپشتی فرۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز هێرشیان کردە سەر گوندی بارزان و بەچڕ بردوومان کرا.

لەساڵی 17/7/ 1943 لە شاری سلێمانی مەلامستەفا بارزانی بەهاوکاری حزبی "هیوا"لە زیندان دەرهێنرا و ڕوویکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاری(شنۆ)، لەوێوە مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ 30 پێشمەرگە ڕووی کردەوە دەڤەری بارزانی و دەستیکردەوە بە خەبات و شۆڕش، ئەم جارە شۆڕشی بارزان (1943-1945) بەردەوام بوو.

دواتر مەلامستەفا بارزانی بەشداری کرد لە ڕاگەیاندی کۆماری کوردستان لە مهاباد (1946). پاشان بۆماوەی 11 ساڵ بارزانی و زیاتر لە (500) پێشمەرگە ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەت بوون. لە ساڵی 1958 بارزانی و هەڤاڵانی وەکو پاڵەوانانی نیشتیمان پەروەر گەڕانەوە عێراق و کوردستان. لە ساڵی 1961 مەلامستەفا بارزانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول جۆش دەدەدا و لە 11ی ئازاری 1970مافی ئۆتۆنۆمی و خۆ بەڕێوەبردن بۆ کوردستانی باشوور بەدەست هێنا و مافی کوردی لە نێو دەستوری عێراقدا چەسپاند.

پاش وەفاتکردنی جەنابی مەلامستەفا بارزانی، لە 26 گوڵانی 1976 جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشەلەیاد، شۆڕشی گوڵانیان جۆشدا وەک درێژەپێدەری شۆڕی ئەیلوول، ئینجا لە ئەنجامدا ڕاپەرینەمەزنەکەی 1991بووە بەرهەمی هەموو ئەم خەبات و شۆڕشانەی بنەماڵەی بارزانی، ئینجا حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزرا، دواترلە 25/ئەیلوولی 2017 لە پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا تێکڕای خەڵکی کوردستان بڕیاریاندا "بەڵێ" ئیمە دەخوازین سەبەرخۆ بژین.

خەباتی بارزانی و بارزانییەکان لەماوەی زیاتر لە سەدەیەک،هەڵبەت خاڵی نەبووە لە فرمێسک و ڕاوەدوونان و قوربانیدان و شەهادەت و کیمیاباران و ئەنفال و لەسێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و .... هەرجۆر مەرگەساتێک کە هەبیە.

ماوە بەشێنەیی بڵێم... بەڵێ بارزانییەکان کوژران و لەسێدارەدران و ئەنفال کران و زیندەبەچاڵ کران و مردن... بەڵام مردنی و شەهید بوون و ئەنفال کردنی بارزانییەکان ژیان و مانەوەیان بە تەوای خەڵکی کوردستان بەخشی. بەڵێ بارزانییەکان مردن بۆ ئەوەی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان بژین، قەدەر وای خواستووە کە مردنی بارزانییەکان ژیان ببەخشێ بە تەواوی میللەتێک. بۆیە لێردا لەیادی 36 ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان. سەری ڕێزونوازش بۆ هەر خوشکێکی بارزانی دەنوێنم کە چەندین ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی براکەی بووە. سەری ڕێزونوازش بۆ هەر بوکێکی پاکیزە دەنوێنم کە چەندین ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی زاواکەی بووە. سەر ڕێزونوازش بۆ هەر دایکێک دەنوێنم کە چەندین ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەتاقانەکەی و پیاوەکەی و برا و برازا و ئامۆزا و خوارزاکانی بووە. پێویستە میتۆرو خەبات و شۆڕشەکانی بارزانی و بارزانییەکان بە ئاڵتوون بنوسێ و هەرگیز لەیاد نەکرێن.

سەربەرزی و سەرفەرازی بۆ بارزانییە ئەنفالکراوەکان و تەواوی کوردی ئەنفال کراو لە بادینان و گەرمیان و خۆشناوەتی و هەر دەڤەرێکی دیکەی کوردستان. ڕێز و پێزانین بۆ خەباتی دوورو درێژی بنەماڵەی سەربەرزی بارزان.

یادی 36 ساڵەی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان



دلاوەر عیسا ڕێزانەیی*

ئەو مەرگەسات و تاوانانەی دەرهەق بە میللەتی کورد ئەنجام دراون، ئەگەر بەرامبەر هەر میللەتێکی تر ئەنجام درابوایە، ڕووبەڕووی توانەوە دەبوویەوە و خەسڵەتەکانی وەک میللەت لە دەست دەدا. دوژمنان پیلانی زۆریان داڕشتووە بۆ قڕکردن و شێواندنی مێژوو و ڕەسەنایەتی ئەم میللەتە، کورد مافی خۆیەتی شانازی بکات کە تا ئێستا ناسنامەی لە دەست نەداوە و پارێزگاری لە زمان و کولتوور و ڕەسەنایەتی خۆی کردووە، سەرەڕای هەوڵی داگیرکەران بۆ سڕینەوە و تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە لە ناو بۆتەی نەتەوەکانیان.

یەکێک لە درندانەترین ئەو تاوانانە، پاکتاوی نەژادی بوو کە لە لایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە نەخشەی بۆ کێشرا و لە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال دا خۆی نواند، کارەساتی ئەنفال گەورەترین تاوانە لە سەدەی بیستەمدا دژی میللەتی کورد ئەنجام درا، ترسناکترین هەوڵی ڕەگەزپەرستی بوو بۆ پاکتاوکردنی نەژادی نەتەوەیەک کە لە ئەزەلەوە لەسەر خاکی باب و باپیرانی خۆی ژیان بەسەر دەبات.

لێردا بە کورتی باسی پرۆسەی بە جینۆسایدکردنی (8000) بارزانی دەکەین کە ساڵی (1983) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام درا، نووسین لەسەر هەر ڕووداوێک پێویستی بە زانیاری و ڕاستگۆیی هەیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە ناو خودی ئەو ڕووداوەدا ژیابێت، بێگومان نووسینەکە واقیعی تر و ڕوونتر بەرجەستە دەبێت. پاش پیلانی شوومی نێودەوڵەتی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی (1975)، ڕژێمی بەعس هەستا بە ڕاگواستنی دەیان هەزار خێزانی کورد و، لە نێوشیاندا هەزاران خێزانی بارزانییەکان لەسەر زێدی باب و باپیرانیان ڕاگواستن، بۆ ناوچەیەکی بیابانی لە سنووری پارێزگای دیوانیەی باشووری عێراق، ناوچەکە بریتی بوو لە چەند ئۆردوگایەک تیایدا خانووی زۆر سەرەتایی دروست کرابوون، ئاوی پیس و کەش و هەوای تۆزاوی و گەردەلوڵیش تەنگی پێ هەڵچنیبووین، ژینگەی ئەو ناوچەیە زۆر نامۆ بوو بۆمان و دەردەسەرییەکی زۆرمان بینی، لە ماوەیەکی کوڕت دا چەندین نەخۆشی کوشندە بڵاو بوونەوە کە بەداخەوە بە دەیان کەس لە منداڵ و پیر و ئافرەت گیانیان سپارد، بەشی زۆری ئەو قوربانیانە لە ئۆردوگایەک بوون بە ناوی (مەرەجوج)، ماوەی پێنج ساڵ ئەو دۆخە بەردەوام بوو، کاتێ ڕژێم بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو خێزانانەیدا بۆ چەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ لە دەوروبەری شاری هەولێر، گەورەترینیان ناویان نابوو ئۆردوگای (قودس) و ئۆردوگای (قادسیە).

ساڵانێک بەسەر جەنگی عێراق و ئێران تێپەڕی بوو، ئاگرەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە گورتر دەبوو (ئەو جەنگە دەرهاوێشتەی زوڵم و پیلانەکەی "جەزائیر" بوو کە دەرهەق بە شۆڕشی ئەیلوول و میللەتی کورد بەگشتی کرا)، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕق و کینەیە لە بەرامبەر شکستە سەربازیی و هەڵە سیاسییەکانی کە ڕووبەڕووی ببووەنەوە، ڕژێمی بەعس بیری لە بە جێگەیاندنی تاوانێکی گەورە کردووەوە ئەویش جینۆساید کردنی گەلی کورد و لەنێوبیشیاندا خەڵکە بارزانییەکان بوو.

بۆ ئەم مەبەستە بەڕەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە 1983/7/31، ڕژێم بە ژمارەیەکی زۆر لە تانک و زرێپۆش و هێزی تایبەتی سەربازییەوە، ئابلۆقەیەکی تەواوی ئەو ئۆردوگایانەیدا کە بارزانییەکانی لێ نیشتەجێ کردبوون و، سەرجەم ڕێگاکانی داخست تا بە هیچ جۆرێک بواری ڕزگار بوون بۆ کەس نەمێنێتەوە هەر بۆیە (چەند ڕۆژێک پێش ئەو بەرواڕە، ڕژێم چاودێرێکی تۆندی خستبووە سەر ئەو ئۆردوگایانە و، خەڵکەکە هەستی کردبوو ڕژێم خەریکی ئەنجام دانی تاوانێکی ترسناک و مەترسیدارە لە هەمیەریاندا).

سپێدەیەک لەگەڵ خۆر هەڵاتندا دەستیان کرد بە ڕەشبگیریەکی بێ وێنە هەر لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە بگرە تا دەگاتە پیاوی زۆر بەتەمەن و پیر و پەککەوتە و تەنانەت مرۆڤی ناکامیش لەم کردارە نامرۆڤانەیە ڕزگاریان نەبوو، ئەو هێزانە بە ناو ئۆردوگاکان پەرش و بڵاو ببوونەوە، ماڵ بە ماڵ و ژوور بە ژوور دەگەڕان و هەتا کەل و پەلی خەوتنیشیان دەپشکنی (چونکە فەرمانی بەرپرسەکانیان وابوو کە کەس لە دەستیان قوڕتار نەبێت)، پرۆسەکە وەها بە بەرنامە و پلانی پشکنینەوە داڕێژرا بوو کە ژمارەیەکی یەکجار کەم و لە بارودۆخی ئەفسوناوی دا نەبێت، ئەگینا کەس لە دەستیان ڕزگار نەبوو.

هەر یەکێکیان دەستگیربکرایە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی سەربازی ڕاپێچ دەکرایە ناو پاسی گەورە کە لەسەر جادەی گشتی هەولێر- کەرکووک ئامادە کرابوون و هەموو دەرووبەریان پەردەپۆش کرابوو، پارانەوە و نزای دایک و خوشکی ئەو قوربانیانە بۆ ئەوەی برایەکی میردمندالیان یان باوکێکی پەککەوتەیان ڕاپێچ نەکەن، هیچ کاریگەریەکی نەبوو بەسەر دڵە ڕەقەکانی ئەو تاوانبارانە.

ڕەشبگیری گەورە لەو بەرواڕەی سەرەوەدا ئەنجامدرا، بەڵام چەند ڕۆژێک پاش ئەو بەرواڕە پرۆسەکە هەر بەردەوام بوو بە پشکنینی ئەو ئۆردوگایانە تا ئەوانەی ماون و ڕزگاریان بووە بە دەردی ئەوانی تر ببەن، بە تایبەتی لە ئۆردوگای (بەحرکە و هەریر و دیانا)، لە ئاکامدا (8000) مرۆڤی کوردیان جینۆساید کرد.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێمەومانان وەکو ڕۆژی حەشر وابوو، باوک و برا و کەسوکارمان بێ سەروشوێن کران و لە ناو ڕۆژگارێکی وا تاریک دا جێیان هێشتین، مەگەر ئەوانەی لە ناو ئەو دۆزەخەدا ژیا بن بتوانن وەسفی بکەن، ڕژێم بەوەش نەوەستا و دەستی کرد بە بڕینی کارەبا و ئاو لە سەر خێزانی ئەو جینۆسایدکراوانە، تا دەهات ژیان بۆ ئەو خێزانانە سەخت تر دەبوو، ناچار بووین (نافرەت و مێردمندال) دەستمان دایە کارکردن و پەیدا کردنی بژێوی ژیانی



ڕۆژانەمان تا بژین، چ ژیانێک ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری و مەینەتی، ژمارەیەکی زۆر ڕوومان لە شاری هەولێر کرد (پاش ئەستەم بوونی ژیان لەو ئۆردوگایانە کە وەکو تارمایی و زیندان دەهاتنە بەرچاو، بەهۆی فشار و ئازار و ئەزیەتدانی بەردەوامی ڕژێم و لە ترسی ئەوەی مێردمندالەکانیش وەک باوک و براکانیان بێ سەروشوێن بکرێن).

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە نابێت ڕۆڵی کوردپەروەرانەی خەڵکی بە ئەمەکی شاری هەولێری خۆشەویست و دەروبەری لە بیر بکرێت کە ئەوپەڕی هەڵوێستی کوردپەروەری و جوامێری و مێرخاسیان نواند بەرامبەر خێزانە بارزانییەکان لەو سەردەمەدا، کە لەلای ئێمە هەمیشە جێگای ڕێز و ستایش و پێزانینە.. کاریگەری ئەو تاوانە بەسەر ڕەوتی ژیانی ئەو خەڵکە چەند زۆر بوو ، بەڵام چاوەڕوانی دەیان ساڵەی ئەو خێزانانە و نە بڕانی ئومێد بە گەڕانەوەی کەس و کاریان ، گاریکەریەکی زیاتری هەبوو بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

کوردستان، و منەتباری جەنابی (سەرۆک بارزانی) ین کە هەوڵ و ڕەنجێکی زۆری کێشا لەم پێناوەدا و بەڵێنیدا کە ئەو هەوڵ و بە دواداچوونە بەردەوام بێت تا ڕوفاتی هەموو ئەنفالکراوەکان لە سەر تا سەری کوردستان بۆ خاکی پیرۆزی وڵات بگەڕێنێتەوە.

کارەساتی ئەنفال چەندە لە ناوبردنی فیزیکی بوو دژی میللەتی کورد ، زیاتریش ڕووخاندنی دەروون و کەسایەتی تاکی کورد بوو ، کە ڕەنگە ئاسەوار و کاریگەریەکانی تا چەند نەوەیەکی تر بمێنێتەوە.

سەرانی ڕژێمی بەعس گەیشتنە سزای خۆیان (لەسەر کەیسێکی تر ، کە کەیسی جینۆساید و ئەنفال و هەڵەبجە ، زۆر لەو کەیسە گەورەتر بوو) ، بەڵام خۆزگە ڕێوڕەسمی دادگاییەکە و لەسەر ئەو کەیسە دژ بە مرۆڤایەتیانە، لە سەر خاکی کوردستان بەڕێوە دەچوو کە تا دوێنێ لەسەر دەستی ئەو ڕژێمە سووتماک و خاپور دەکرا.

*** کوردی یەکێک لە جینۆسایدکراوەبارزانیەکان.**

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ١٥٣٣٢ بەناوی احمد عبدالرحیم احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای لاند تراکس land trucks ڕەنگ نفتی + سپی ژمارەی شاسی: VM٤CD٣٨٢G٣A٠٢١٨٢٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٩٤٠٣٥ ڕێکەوت ٢٠١٨/١٠/١ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی یوسف یعقوب فتاح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست کاتی بەناوی: کاروان کاوانی جۆری ئۆتۆمبێل: ڤۆلکس واگن تواریگ VOLKSWAGEN TOUAREG ڕەنگ ڕەش مۆدێل: ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: N٢٢٢VEN ژمارەی شاسی: WVGZZZ٧PZCD٠٦٣٤٨٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠٤٤٧٧٨٤٩.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : صديق خيرو جردو

قدم السيد / ناصر خيرو جردو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : هبو زيدان ادى

قدم السيد / زيدان ادى جردو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

مديرية تنفيذ سميل

العدد/٢٩٦/موحده/٢٠١٧

التاريخ/١/٢٠١٩/٧

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع الموجودات في محل (برايان) للكيج والبلانص الواقعة في صناعة مالطا والتي تتكون من ١- جهاز بلانص الاطارات بقوة (٢٢٠) فولتية عدد (١) ٢- مكينة ربل لتصنيع الربلات صنع محلي عدد (١) ٣- جهاز برس لكبس روت وفولت عدد (١) ٤- رمبة مع ميزانية عدد (١) ٥- كمبرسر هواء سعة (١٥٠) باون عدد (١) ٦- كوسرة (ماكنة كوسرة) لجرخ الربلات عدد (١) ٧- جهاز برس عاطل عدد (١) ٨- مولدة حجم صغير بقوة (١٠) امبير عدد (١) ٩- جك عدد (١) ١٠- منكنة لمسك العدة فوق ميز حديدي عدد (١) مع كافة ادوات العمل اليدوية للكيج والبلانص ولحدادة صدر السيارت ومكينة لحيم) فعلى الراغب بالشراء الحضور في هذه المديرية بعد مرور (ثلاثة) ايام تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية والبالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة علما بان القيمة المقدرة تبلغ (١٨٠٠٠٠٠) مليون وثمانمائة الف دينار عراقي وفي حالة مصادفة يوم المزايدة عطلة رسمية يكون اليوم التالي الذي يليه هو موعد للمزايدة

المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل

الواقعات

عدد/ ١٠٦٤٦

تاريخ/ ٢٠١٩/٧/٢٨

اعلان

قدم المواطن (مجيد حميد مجيد) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (منتك) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى

مدير الاحوال المدنيه والجوازات والاقامة/وكالة

***

ئاگاداری

دەرچوونی گۆڤاریەك بەناوی (ڕۆژی پێشمەرگە) خاوەن ئیمتیازەکەی (قادر قادر علی) سەرنووسەرەکەشی (صباح عمر قادر) ناسراو بە (سەباح شێخانی) یە. بەشێوەی مانگانە دەردەچێت بەزمانی کوردی بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر دەبێت. هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکات ٠٧٥٠٤٤٩٤٦١٢.

***

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی یەك

کارگێڕی- خۆیەتی

ژمارە: ١٥١٣/١١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩

بۆ/ فەرمانبەر (هامان هادی حسن) بەناونیشانی (شوفێری سێیەم)

ترساندن (اخطار)

ئامـاژە بـە یاداشـتی گەراجـی ئامێرەکانـی شـارەوانیان لـە ٢٠١٩/٧/١٦ دوابـەدوای فەرمانـی کارگێڕیـان ژمـارە (١٣٤٧/١١) لـە ٢٠١٧/٨/٦

لەبـەر تەواوبوونـی مـاوەی مۆلەتـی ئاسـایی و دەسـتبەکارنەبوونەوەت بۆیـە بەپێـی یاسـا ئـاگادارت دەکەینـەوە کـە دەسـت بـەکار بکەیتـەوە بـۆ مـاوەی (٧) حـەوت ڕۆژ ئەگـەر لـە نـاوەوەی هەرێمـی کوردسـتان بویـت وە بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ ئەگـەر لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بویـت وە بەپێچەوانـەوە کۆتایـی بەڕاژەکـەت دێـت بەپێـی یاسـای ڕاژەی شارسـتانی بڕگـەی (٢ ، ٣) لـە مـادەی (٣٧) ژمـارە (٢٤)ی سـاڵی (١٩٦٠)...

ئەندازیار / مەریوان هادی اسماعیل

بەڕێوەبەری شارەوانی یەك

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

بریاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە

پشـت بـە کۆنووسـی چەسـپاندنی خاوەندارێتـی تایبـەت بـە خانووبـەرەی زنجیـرە ١/٤١١ لـە گەرەکـی ٦٤ طۆبـزاوە لەڕێکەوتـی: ٢٠١٩/٧/٢٤ وە دەرنجامـی ئـەو لێکۆڵینـەوەی لێنـی کـراوە بەپێـی دەسـەڵاتەی مـادەە (٤٨)ی یاسـای تۆمارکردنـی خانووبـەرە ژمـارە (٤٣)ی سـاڵی١٩٧١/ی هەموارکـراو بێـی داوم بریـارم دا خاوەندارێتـی تـەواوی خانووبـەرەی دیـاری کـراو بەنـاوی شارەوانی طوبـزاوە بچەسـپێ و ئـەم بڕیـارەش بەپێـی مـادەە (٤٩)ی یاسـای ناوبـراو بـۆ مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژبڵاوبکرێتـەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی

داوەری بەرایی/ سمکو روستم سمین

***

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر

ژمارەی داوا:١٠٤/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٧

جاردان

بـۆ داوالێکـراو (ڕێبیـن عبدالرحمـن سـعید) شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە

داواکار (١- هۆگر مغدید مجید ٢- کرم خضر ابراهیم) داوای ژمارە ١٠٤/ب/٢٠١٩ لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (قەرزەکـەی بەبـڕی ٨١٩٧١٧٠٤ هەشـتاو یـەك ملیـۆن و نۆسـەدو حەفتـاو یـەك هـەزار و حـەوت سـەدو و چـوار دینـاری عیراقـی دەکات) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری گەرەکـی (سەربەسـتی) بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە پێـت ڕابگەیەنـێ لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی فەرمـی ڕۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـی خـۆت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە دادبینـی ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢٣) کاتژمێـر (٩) ی سـەرلەبەیانی وە بـە پێچەوانـەوە دادبینـی پاشـملە و ئاشـکرا دەرهەقتـان ئەنجـام دەدرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

ئاگاداری

وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەڵدەسـتێت بـە بەکـرێ دانـی ڕووبـەری (٢٢٠٠)م٢ لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٢/٣) ك (١٠) سـوێرێ پشـت ڕێـگای هەولێـر- گوێـر بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی کـۆگا بـۆ مـاوەی (٢٠) سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا بـە پێـی یاسـایی ٣٢ سـاڵی ١٩٨٦ هەموارکـراو ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە (٥) ی سـاڵی ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خانووبـەرەی میـری لـە هەولێـر بـدات لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی سـەعات (١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە مەرجێـك بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪) یەدەگـی پێـی بێـت لەبـری پـارەی خەملێنـراو گشـت خەرجیەکانـی بەکـرێ دانیـش لـە ئەسـتۆی کرێچیـە.

نزار حسین عبدالله

ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

ئاگاداری

وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەڵدەسـتێت بـە بەکـرێ دانـی ڕووبـەری (٢٢٠٠)م٢ لـە پارچـە زەوی ژمـارە (١/١) ك (٤١) قەرێتـاغ ڕێـگای گشـتی هەولێـر- خەبـات لای ڕاسـت بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی کـۆگا بـۆ مـاوەی (٢٠) سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا بـە پێـی یاسـایی ٣٢ سـاڵی ١٩٨٦ هەموارکـراو ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە (٥) ی سـاڵی ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خانووبـەرەی میـری لـە هەولێـر بـدات لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی سـەعات (١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە مەرجێـك بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪) یەدەگـی پێـی بێـت لەبـری پـارەی خەملێنـراو گشـت خەرجیەکانـی بەکـرێ دانیـش لـە ئەسـتۆی کرێچیـە.

نزار حسین عبدالله

ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/٣٠

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (بکـر لـۆی یحیـی) لـە بـەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێستا دانـدراوە لـە (پ. تیـمار) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە, بۆیـە ئەوکەسـانەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا, واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت

تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازیبـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار, بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمەدەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- کـون کردنـی جـام تۆماتیـك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٥,٥.

٢- C.N.C بـۆ نەقـش و کـون کردنـی جـام بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٥ کۆنـترۆل بـۆرد

٣- هێلـی تـەواوی لـێ مینێـت تۆماتیـك قەبـارە گـەورە دروسـتکردنی جامـی سـکۆڕیج گـەورە بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٦ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٠٠ بەهەمـوو هاوپێچەکانیـەوە.

٤- ڕافیعـەی بەرزکـردن ژمـارە/ ٠٥٩٦٠٣٤٦ دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٧ جـۆری سـوتەمەنی گاز توانـای ٣ طـن.

٥- مۆلیـدەی کارەبایـی ژمـارە/ EAZ٠A٤٠٩٩٧٥ جـۆری سـوتەمەنی گاز توانـای K.V.A٤٢٥ کاتـم/Doosan.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/٣٠

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (بکـر لـۆی یحیـی) لـە بـەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ کـە داوای تۆمارکـردنی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پ. تیـمار) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە, بۆیـە ئەوکەسـانەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا, واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت

بۆیـە ئەوکەسـانەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا, واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت

یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازیبـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار, بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمەدەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- چـاپ کـردن لەسـەر کاسـەی پلاسـتیك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٣٠. گـەورە

٢- ئێکسـترۆ دەری دروسـتکردنی پلاسـتیك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٢٢٨,٤. هێلـی کامـل

٣- پرێسـی حـراری کەپـس کـردن و دروسـتکردنی کاسـی پلاسـتیك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٥ توانـای K.W١٠.

٤- دوو ووشـك کردنـەوەی پلاسـتیك بـێ ژمـارەن دروسـتکراوی سـینین مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٠*٢.

٥- سـەرامەی ووردکردنـی پلاسـتیك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٢٢.

٦- خەڵاتـی تێکەڵکردنـی مـوادی پلاسـتیك بـێ ژمـارە دروسـتکراوی سـینی مۆدێـل ٢٠١٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٠.

***

هەلی کار

مـن هاوڵاتـی (شـەمیران فاخیـر محمـد) پێویسـتیمان بـە (٣) کرێـکار هەیـە بـە مەبەسـتی کارکـردن هـەر کەسـێك ئـارەزووی کارکردنـی هەیـە باراسـتەوخۆ سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کار بـك=ات کـە دەکەوێتـە ڕێـگای مخمـور پشـت مزگەوتـی خـدر سـوارە یاخـود پەیوەنـدی بـکات بـە ژمـارە تەلەفۆنـی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)

ناوی کار/ پاککردنەوەی باخچە

ژ.هەلی کار/ ٣

مووچە/ ٤٩٠٠٠٠

ڕەگەز/ نێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (دەسـتەمۆ) بـۆ بازرگانـی گشـتی و بازرگانـی کـەل و پەلـی کارەبایـی/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر) پاکتاوکار/پ/ بیستون قاسم اسماعیل

ناونیشان/ هەولێر- ئازادی

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٠٩٤٨٥١

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٣٩٣٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دەستەمۆ) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەل و پەلی کارەبایی/ سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (دەسـتەمۆ) بـۆ بازرگانـی گشـتی و بازرگانـی کـەل و پەلـی کارەبایـی/ سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/٧/١٦) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (بیسـتون قاسـم اسـماعیل) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو,

مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بڕیـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسایی

ژمارە: ١٣٩٧٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ ب. پێشانگا و خزمەتگوزاری بازرگانیەکان

پاکتاوکردنی کۆمپانیا

لەبـەر دەرچوونـی بریـاری دانانـی لەژێـر پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (دلیـر کـمال حسـن) بـۆ (بازرگانـی گشـتی و بەروبوومـی کشـتوکالی/تاك) کـە لـەلای ئێمـە تۆمارکـراوە لەژێـر ژمـارە ٧٥١٧ لەبـەرواری ٢٠١٠/٥/٢٠ وە بەڕێوەبـەری ڕێپێـدراوی کۆمپانیـا (دلیـر کـمال حسـن) و بوونـی لـە قۆناغەکانـی پاکتاوکـردن تکایـە ئاگادارمـان بکەنـەوە ئایـا کۆمپانیـای ناوبـراو هـەر گرێبەسـتێك یـان پابەندبونێـك (التزاماتێکـی) لەگـەڵ حکومەتـی هەرێـم هەیـە و گرێبەسـتەکانی بەردەوامـە یـان نـا. بـۆ ئـەوەی کاری پێویسـت ئەنجـام بدەیـن.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٥١٠٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (برلنـت) بـۆ (وەبەرهێنانـی بازرگانـی و پیشەسـازی/ سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.

مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٥١٣٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (پسـپۆران) بـۆ (پـەروەردە و فێرکـردن/ سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.

مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٥٤٨ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : مهدی محمد حاجی
ل دیف داخوازا داواکار(نورە نوح شیت) وکیشا ژمارە (٥٤٨ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسین (بیداری) ژمارە (٢١١٣) ل (٢١/ ٧/ ٢٠١٩) و نقیسارا هەلبژارێ تاخێ (بیداری) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت دیرانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل روژا (٨ /٨/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروفاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە / ١٣٩٦/ ب / ٢٠١٩
بەروار / ٢٨ / ٧ / ٢٠١٩
ئاگاداری
پشت بەستن بە بریارێک کەلەم دادگایە دەرچوە لەبەرواری ٢٤ / ٦ / ٢٠١٩ سەبارەت بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر مولکی ئامازە بۆکراو لە خوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوان هاوبەشەکانی لەبەر ئەوە ئەم مولکە دانرا لە زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای بڵاوکرابونەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەیەکی رەسمی دا وەلەبەر ئەوەی هەرکەسێک ئارەزووی کرینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەرکەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم دادگایە بکات بەمەرجێک ١٠٪ ی بارمتە بهێنێ لە نرخی خەملێنراو ئەگەر هاوبەش نەبوو بەڵام ئەگەر لە هاوبەشەکانی بوو لێی ئەبورێت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە مولکەکە لەکاتی تەواوبونی ماوەی یاساییدا لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەرۆ دواهەمین رۆژی زیادکردنەکە دەست پێ دەکات و رەوانەی بنبریش بۆ ئارەزوومەندی کۆتایی بە پەیانەکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە بەر پشوی رەسمی کەوت ئەوا ئەو رۆژەی کە دێت بە رۆژی زیادکردن دادەنرێت رەسمی تۆمارکردن و بانگەوازیش لەسەر کریارە ....
* شوێنی زیادکردنەکە / دادگای بەرایی سلێمانی ....
* ژمارەی مولک و وەصف و جۆر و نرخەکەی :-
٧/٣٠٨ کەرتی ٤ ی زێرینۆک رووبەرەکەی (٦٣,٨٨) مەترە بریتی یە لە خانوویەکی دوو نهۆمی ، نهۆمی سەر زەوی لەیەک ژوور و هۆڵ و و حمام و توالیت هەیە رووە و باکوری رۆژئاوایە پلەی دروستکردنی کۆنە داوالەسەرکراو سامان أحمد صالح ی تێدایە وە دەڵێت چۆڵی دەکەم لە کاتی فرۆشتنیدا گەوتۆتە گەرەکی خەبات نزیکی (رەوضەی ناز) ە بەرامبەر بە یاریگای خەباتە.
نرخی خەملێنراو / (٤٣١٣١٠٠٠) چل و سێ ملیۆن و سەد و سی و یەک هەزار دینار.
تێبینی/ دەبێت بارمتەکە بە چەکی مصدق یان کەفالەتی مصرفی بێت لە بانکی ئەزمەر وە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێ بێت.
دادوەری یەکەم/ اسماعیل عمر أحمد
* * *
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەفی و زار
ژمارە: ٣٠١/٢/٢ / ٣٥٧٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهداری
لدویف نقیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ ژمارە (٤٤٦٦ ل ٢٠١٩/٥/٢٢) کو ئامازە دایە ب نقیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل دهوکێ (١٣١٢ ل ٢٠١٩/٥/٣) و نقیسارێن وەزارەتا باژێرڤانیا و گەشت و گوزار/ رێڤەبەریا گشتی یا نەخشە دانانا ئافەدانی پێن ژمارە (٢٩٧٢/٩٠٠ ل ٢٠١٩/٤/٨) و (٧٦١٩/٩٠٠ ل ٢٠١٨/١٠/١٦) سەبارەت گهورینا رەگەزێ پارچێن ژمارە (٣٤٨٨/٢ تا ٣٥٠٨/٢ و ٣٧٥٧/٢ تا ٣٧٦٣/٢) کەرتێ ٨٨ بێدار ژ (کەسکاتی) بو (کوگەهێن باژرگانی) د نەخشێ بنەرەت یێ (زاخو – نیبراهیم خلیل) لدویڤ یاسایا رێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٦٠) شێست رۆژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل روژنامەی دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
* * *
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەفی و زار
ژمارە: ٣٠١/٢/٢ / ٣٥٠١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٥
ئاگەهداری
لدویف نقیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ ژمارە (٥٥١٧ ل ٢٠١٩/٥/٣٠) کو ئامازە دایە ب نقیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل دهوکێ (١٦٨٠ ل ٢٠١٩/٦/٢٥) سەبارەت تەرخانکرنا رووبەرێ (١٦٠٠م٢) ژ پارچا ژمارە (١٨٥٦/١ کەرتێ ١١ اشکفت مارا) یا مولکیەتا وێ بنافێ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو و رەگەزێ وێ ئافاهێن گشتی لدویڤ نەخشێ ژمارە (٢٨١) بو ئافاکرنا سەنتەرێ ئوتیزم و تەرخانکرنا رووبەرێ (١٥٣٣,٥٨ م٢) بو بنگەهێ پولیسێن سنێتلا و رووبەرێ (١٧٥٣,٥٢) بو بنگەهێ زانیاری و رووبەرێ (٧٥٠م٢) بو کومکارا زیندانیێن سیاسی، لدویڤ یاسایا رێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٦٠) شێست رۆژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل روژنامەی دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانییا قەسروکی
ژمارە: ٥٣٣ /٣٤٢/٣٤
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٥
راگەهاندن
ئاگەهداریا هاوولاتیان و فەرمانگەهێن میری یێن قەسروکێ دکەین بو راگەهاندنا نەخشەیی کەرتێ یێ پارکا قەسروکێ ب رووبەرێ (١١٤ دونم) ژ پارچا ژمارە ١/٥٦٨٧ کەرتێ ٨١ قەسروکێ بو ماوەیێ (٦٠) روژان هەر کەس و لایەنێن پەیوەندار هەر پێشنیارەکا بەرهەنگاری هەبیت بلا سەردانا باژێرڤانیا مە بکەت د ماوەیێ دەست نیشانکری دا سەروکاتیا باژێرڤانیا قەسروکێ.
غیاث محمد اسماعیل/ سەروکێ باژێرڤانیا قەسروکێ
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە/ ٧٩٥ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٨ /٧/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (روشین احمد کوچر) ل دیف داخازیا داواکار (خیری محمد عبدالله) وکیشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (تصدیق طلاق خارجی) کری وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ (دهوک تاخێ شیلی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٨/٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە نامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگەها بەرایی دهوک
ژمارە/ ١٠٩٣ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٥ /٧/ ٢٠١٩
(٤١٤/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پاریزگای هەولێر/ گەرەکی ئاشتی/٢) لە ٢٠١٩/٦/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە نامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/٨/٧) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٣٢٩٢/ش/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٧/٢٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بناز محمود مولود) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ئاراس عبدالکریم درویش) داوای ژمارە (٣٢٩٢/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (چەسپاندنی هاوسەرگیری دەرەکی) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (گەرەکی قیصل رستم) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی نامادەبوونت لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/١٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ئاگانامە
داواکار/ لمیاء احمد شکر
داوالێکراو/ صلاح الدین صباح صلاح الدین
ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (لمیاء احمد شکر) داوایەکی بەژمارە (٤٩٣٨/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەو دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٤/١٨) بە (جیابوونەوە) بەهۆی بەجێهێشتن لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاریدا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاسایدا هەلنەستیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی (تەمیزی بریارەکە) ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ صالح احمد عبدالله
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٥٢٩٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٥
بریاری کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیا دوابەدوای بریاری کارگێریمان ژمارە (٤٧٥٤) لە ٢٠١٩/٦/٢٣ کە تایبەتە بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای (لیۆژر & کەلچەر بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافتریا/ سنوردار) وە ئامازە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٧ کە تیایدا بریار دراوە بە:
* کۆتایی هێنان بە مامەڵەی پاکتاوکردن و کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (لیۆژر & کەلچەر بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافتریا/ سنوردار)
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە پاڵپشت بە مادەی (١٧٧) لەیاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بریاری رەزامەندیاندا بە:-
* کۆژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (لیۆژر & کەلچەر بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری چێشتخانە و کافتریا/ سنوردار) تا بەپێی مادەی ٢٠٦ لە یاسای ئامازە پێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
٢٠١٩/٧/١٥
* * *
بەرێوەبەرایەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دەشتی هەولێر
جاردان داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٣ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١٨/٢ ، ٢٢/٤) کەرتی (٨٤ ملا عمر شوک) بەناوی: (وزارة المالیة) کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەک خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکارییەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێک پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر/ محمد سلێمان محمد
* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Maintenance Coordinator
Work Location	Field (Tawke+Peshkabir)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Duties:
- Ensures that Maintenance procedures, HSSE policies are properly followed
- Manages and controls the activities of Maintenance Technicians
- Ensures all maintenance work (E&I and Mechanical) is carried out in a safe manner.
- Co-ordinates the planning and implementation of maintenance work
- Liaises with Superintendent, Head of Maintenance regarding maintenance issues
- Ensures the effective working of the Permit to Work system
- Monitors equipment and systems to ensure that the required performance is maintained
- Ensures adequate stocks of spare parts are available for the plant or area system.
- Develop operation manual and suggestion of preventive maintenance
- Report to Head of Maintenance for all subjects dealing with detail engineering, documentation, specifications deviation and clarifications.
- Ensure a detailed Maintenance plan is in place for CMMS system (Preferred Epicor) and progress is tracked and reported with Maintenance KPIs (inputs and outputs).
- Plan and lead on major maintenance activities
- Responsible for Rotating, Static and Packages coordination with regard to SIMOPS
- Performs special assignments as directed, utilizing his knowledge and experience.

Required Qualifications & Experience:
- Engineering Degree holder Mechanical engineering with 8 yrs. experience in relevant field experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

or

Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 12 yrs. experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Mechanical Acting Supervisor
Work Location	Field (Tawke+Peshkabir)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Duties:
- Ensures that maintenance procedures, HSSE policies are properly followed
- Manages and controls the activities of Mechanical Technicians
- Ensures all maintenance work is carried out in a safe manner.
- Co-ordinates the planning and implementation of maintenance work
- Liaises with Supervisor, Superintendent regarding maintenance issues
- Ensures the effective working of the Permit to Work system
- Monitors equipment and systems to ensure that the required performance is maintained
- Ensure assigned scope of work is carried out without any significant HSE incidents
- Ensure the work is carried out in time and in accordance with scope of work, specification and quality requirement
- Promote HSE awareness and ensure that all Project HSE requirements are implemented and adhered to
- Ensures adequate stocks of spare parts are available for the plant or area system.
- Develop operation manual and suggestion of preventive maintenance
- Report to Head of Maintenance for all subjects dealing with detail engineering, documentation, specifications deviation and clarifications.
- Ensure a detailed Maintenance plan is in place for CMMS system (Epicor) and progress is tracked and reported with Maintenance KPIs (inputs and outputs).
- Plan and lead on major maintenance activities
- Responsible for Rotating, Static and Packages coordination with regard to SIMOPS
- Performs special assignments as directed, utilizing his knowledge and experience.

Required Qualifications & Experience:
- Engineering Degree holder Mechanical engineering with 5 yrs. experience in relevant field experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

or

Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 8 yrs. experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Crescent Petroleum

Job Details

Position Title	**Land Permitting Officer**
Department	Operations / Drilling / Social Performance
Reports to	Social Performance Field Supervisor - Seismic
Contract Type	Consultant
Location	Chamchamal, Kurdistan Region of Iraq
Job Reference: LPO/SP/Jul/19	

Job Summary and Scope

Reporting to the Social Performance Field Supervisor, the Land Permitting Officer plays a key role in supporting and facilitating the land permitting process.

Where land permitting is required and recognising that land acquisition and restrictions on land use can have adverse impacts on communities and persons that use this land, the Operator will follow national land regulations, together with international good practices. While the Kurdistan Ministry for Natural Resources (MNR) is responsible for land acquisition, permitting and compensation with respect to oil and gas operations, the Operator has a critical role in supporting and facilitating the process.

Under the direction of the Social Performance Field Supervisor, the Land Permitting Officer works in close cooperation with MNR and other key authority representatives (such as the Ministry of Agriculture) to identify, map, stake and secure land for operational purposes. The role also supports engagement and consultation activities with identified land owners and / or users.

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Land Permitting

- Under the direction of the Social Performance Field Supervisor and in cooperation with MNR representatives, gather data pertaining to land owners / users impacted by operational requirements.
- Coordinate surveys and logistics as requested.
- Support land owner / user identification and recording of relevant details.
- Support land / crop assessment as required.
- Support specialist consultancies and resources to undertaken land permitting related activities as required.
- Ensure all land related transactions are appropriately recorded and managed (GIS mapping and document control).
- Provide input to Operations / Drilling and on land / social constraints mapping and scheduling in cooperation with the Social Performance Field Supervisor.
- Update the land permitting schedule and tracker and provide status reports as requested.
- Ensure that all staff and contractors demonstrate respect for landholders and their land / livelihoods.
- Support the Social Performance department to maintain landholder / community relationships, communicating clearly and consistently about project activities which impact land use and tenure.

Stakeholder Engagement, Consultation & Grievance Management

- Build and maintain strong working relationships with key stakeholders / land owners and users including (but not limited to) MNR, local authorities and leadership.
- Ensure landowner / user concerns, grievances and issues are captured, resolved and reported in accordance with the Operator's Grievance Management Procedure.

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

- Provide landowner / user feedback and insight and advise the Operator on external developments, trends and issues which may impact operators or future project activities.
- Undertake community engagement and consultation as required to secure land Permitting and address land related issues or concerns.
- Represent the Operator at local engagements which require land permitting input / knowledge as requested.

Social Impact Management

- Contribute to site baseline mapping, risk assessments and management planning as required.
- Monitor contractor performance pertaining to land management as required.

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	▪ College Graduate; or potential experience in similar role.
Experience & Skills	▪ 2 years relevant past experience in similar job preferably in the extractives industry. ▪ Demonstrated understanding of local land regulations, nature and types of tenure and the application of land permitting principles in the extractives industry. ▪ Good computer skills (Microsoft Office). ▪ Good organisational and problem-solving skills. ▪ Excellent verbal and written communication skills. ▪ Good negotiation, conflict management and strong listening skills. ▪ Ability to effectively Chair community meetings.
Language	▪ Native Kurdish - fluent in reading, writing and speaking. ▪ Good understanding of written and spoken English & Arabic.
Certificates / Licenses	▪ Any certificate putting value to the position.
Behaviours	▪ Awareness and sensitivity to diverse views and opinions. ▪ Demonstrates a high level of personal integrity. ▪ Establishes priorities and works with minimal direction. ▪ Collaborative. ▪ Participates in proactive team efforts to achieve departmental goals. ▪ Self-motivated and uses initiative and judgment to attain the best results. ▪ Demonstrates a personal commitment to health, safety and responsible environmental management.
Unique requirements of the job	▪ Similar land permitting / management experience in rural areas. ▪ Understanding of local community practices and knowledge of local culture/history.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 10 August 2019th

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Land Permitting Officer: Ref: LPO/SP/Jul/19)

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	E&I Acting Supervisor
Work Location	Field (Tawke+Peshkabir)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Duties:

- Interprets blueprints, specifications, diagrams, or schematics to troubleshoot and maintain process control /Electrical systems
- Tests, maintains, and evaluates equipment performance using instruments such as voltmeters, ohmmeters, pyrometers, and pressure gauges and knowledge of Smart transmitters and Smart communicators
- Work in Computerized Maintenance Management System (CMMS) for work order tracking, time entry, parts procurement, etc.
- Maintains considerable knowledge of the practice, methods, tools, equipment, and materials of electrical instrumentation and control systems
- Preventive maintenance routines on process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Monitors equipment and systems to ensure that the required performance is maintained
- Ensure a detailed Maintenance plan is in place for CMMS system (Preferred Epicor) and progress is tracked and reported with Maintenance KPIs (inputs and outputs).
- Installation of temporary electrical power supply and lighting systems
- Trouble-shooting and repair of process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty electrical and electronic equipment

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree holder Electrical or Instrumentation engineering with 5 yrs. experience in relevant field experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

Or Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 8 yrs. experience with CMMS systems (Epicor advantageous)

- Maintenance experience in the Oil and Gas, Utilities or Power Generation industry

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Gas Plant Acting supervisor
Work Location	Field (Tawke+Peshkabir)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Duties:

- Ensures that operating procedures, HSSE policies are properly followed
- Ensures that Gas processing operations such as Inlet sour gas compression, Gas sweetening, Gas dew pointing, Gas dehydration, export compression, and high-pressure injection compressors are operating within the window.
- Ensure Gas export/Injection quality is maintained as per the specification.
- Ensure all support Utilities for the Gas processing facilities are operating within the window in order to safely meet the performance specification
- Monitors the process control, ESD and Fire & Gas detection systems.
- Coordinate with upstream and downstream facilities (PSK oil plant & Tawke gas injection process plant)
- Maintains accurate records and handover documents, in particular with respect to process, over-rides and isolations and all other 20+1 tools related to process facility
- Liaises reports all abnormal plant events or operational changes to the Production Supervisor.
- Optimizes process and minimizes downtime
- Suggests possible improvement regarding facilities and procedures to the Production Supervisor.
- Prepares all process reports related to the facilities under its responsibility and makes sure all production logbooks are properly maintained.
- Ensures the sampling routine is adhered to as per the schedule
- Participates to the commissioning of new equipment as requested.
- Member of the Site emergency team as per Emergency Response Plan

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree holder (In Petroleum, Process, Chemical, Mechanical engineering) with 5yrs experience in relevant field with good knowledge in DCS and SCADA systems

or

- Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 7 yrs. experience with good knowledge in DCS and SCADA systems

or

- Graduation in Science and 10 yrs. experience with good knowledge in DCS and SCADA systems

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/31 ژمارە (5801)

نەتەوە یەکگرتووەکان:

هێزە جیهانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی سووریا شکستیان هێنا

ئا: عەبدولقادرکەڵهۆڕ

بەرپرسی مافی مرۆڤ لە ریزکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان میشێل باشیلیت گوتی، لە دە رۆژی رابردوودا زیاتر لە سەد کەس بەهۆی هێرشی هێزەکانی سوپای سوریا بۆ سەر نەخۆشخانەو قوتابخانەو بازاڕو نانەواخانەکانی شاری ئیدلب گیانیان لە دەستدا کە لە نێوان کوژراوەکاندا 26یان منداڵ بوون.



باشیلیت گوتیشی قوربانییەکان بەشێک بوون لە و هەڵمەتە پڕ لە توندو تیژییەی فڕۆکە جەنگییەکانی سوریاو هاوپەیمانەکانی ئەنجامیدەدەن ن لە نێوانیشیان روسیا .ئەو بەرپرسەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیدا، رەنگە هەموو ئەو ئامانجە مەدەنیانە شاردراوە یا جێگەی گومان بووبن ، بەڵام هێشەکانی سوپای سوریا زۆر نا بەرپرسیارانە بووە .میشیل باشیلیت هەر لە قسەکانیدا رەخنەی زۆری لە هێزە جیهانیە گەورەکان گرت و لە لێدوانێکی رۆژنانەنووسیدا گوتی، گەورەترین هێزەکان لە سەر ئاستی جیهان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەک گوێی پێنەدراوە،ئێستا ململانێکان کەوتووەتە دەرەوەی گرنگی پێدانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ، لەکلتێکدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش بەرانبەر پرسی سوریا بەتەواوەتی پەکی کەوتووە .هەر لەوتەکانیدا بەرپرسەکەی ماقی مرۆڤ لە ریزکخراوی کۆمەڵەی نەتوە یەکگرتووەکان هۆشداریدایە ئەنجامدەرانی هێرشەکان بۆ سەر ئیدلب وگوتی، رەنگە رووبەرووی تۆمەتی تاوانی جەنگ ببنەوە ، گوتیشی بەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامدانی ئەو هێرشانە بەبەردەوامی ، ئەنقەست بۆسەر خەڵکی سڤیل بە تاوانی جەنگ لە قەڵەمدەدرێت. ئەوانەش کە فەرمانیان دەرکردووە بۆ ئەو هێرشانە بەرپرسیاریەتی یاسا ئەو تاوانەیان دەکەوێتە ئەستۆ.



چی رووددات لە سوریا

دوای هەشت ساڵ لە شەری ناوخۆ ، ئیدلب و باکوری حەماو رۆژئاوای حەلەب بە دوا پەناگەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەژمار دەکرێت . ئەو ناوچانە پێشتر کەوتبوونە نێو بازنەی ئاگربەست پێش ئەوەی لە سێپتەمبەری رابردوو تورکیا و روسیا کە گوایە پاڵپشتی ئۆپۆزیسیۆن دەکەن ئەو ئاگربەستەیان بەزاند، ئێستا لە تورکیادا 2.7 ملیۆن پەنابەری سوریایی هەیە کەل ە دەست ئەو هێرشانەی هێزەکانی سوپای سوریا رایانکردووەو وەکو پەنابەر لە تورکیا ژیان بەسەردەبەن .هەر لەو بارەوە دیکە بەهۆی ئەو هێرشانەوە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووەو لەدەست شەڕو کوشتار رایانکردووەو ئێستا ژمارەی پەنابەران بە نزیکەی 400 کەس مەزەندە دەکرێت.لە بەرانبەردا حکومەتی سوریا دەڵێت، زێدەبوونی ژمارەی هێرشەکانی سوپای سوریا بۆ سەر ئەو ناوچانە بەهۆی زێدەبوونی بەزاندنی قەوارەی ئاگربەست بووە لەلایەن ئەو جیهادیانەی سەربە ریزکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەن و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان بەدەستەوەیە لەو ناوچانە .لەلایەکی دیکەوە حکومەتی روسیا ئەوەی ڕەتکردەوە کە فڕۆکەکانی روسیا بە هاوبەشی هێزەکانی سوریا بەشداریان کردبێت لەهێرشەکانی ئەودواییە بۆسەر بازارو شوێنە مەدەنی نشینەکان لە ئیدلب کە بووە هۆی کوژرانی 31 کەس. لەلایەکی دیکەوە تۆڕی هەوڵی بی بی سی لە پشت بەستن تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، ئاشکرایکردووە کە خەڵکی ناوچەکانی ئیدلب و باکوری حەماو رۆژئاوای حەلەب بێ ئومێدبوونە لەژیان لەو ناوچانەو ئامادەنین هاوسەرگیری بکەن و نەوە بنێنەوە ، لەبەر ئەوەی ناوچەکەیان ناسەقامگیرەو پێیان وایە گوناهیان دەگاتێ رۆحی تازە بێتنە نێو ژیان لەو ناوچە ناسەقامگیرە پڕ لە شەڕو کوشتارە. ئەو مەترسی و دڵە راوکێییەی باڵی بەسەر سوریادا کێشاوە پەیوەستە بەو جەنگە نێوخۆییەی کە بەرۆکی ئەو دەوڵەتەی گرتووە، سوریەکان ماوەی هەشت ساڵە بەردەوام هەست بە نێگەرانی و دڵە راوکێ لە ئایندەیان دەکەن ، بۆیە زۆر بە هەستیاریەوە بیر لە دروستکردنی خێزان و وەچە نانەوە دەکەنەوە ، هەوەها سەختی بژێوی ژیان بە هۆی جەنگی نێوخۆی هەشت ساڵە هۆکارێکی دیکەی ئەو جۆرە تێروانینەی هاوڵاتیانی سوریایە.



چەمکی سیاسی

پرۆلیتاریا

چەمکێکی سیاسیە و دەخرێتە پاڵ چینی ئەو کرێکارانەی لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا کاردەکەن و سەرچاوەی داهاتیان بریتیە لە فرۆشتنی ئەو هێزی کارەی کە هەیانە ، کەواتە ئەوان وەک هەر کالایەکی بازرگانی خۆیان دەفرۆشن . ئەم چینە لەبەر ئەوەی لەلایەن سەرمایەدارانەوە بەکار دەهێنرێ ، بۆیە بەدەستی هەژاریەوە دەنالێنێ و لە هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵ زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سەرهەڵدانی قەیران و کێشە و تەنگژەکان ، هاوکات بەپێ بوونی هیچ جۆرە پاداشتێک بەرامبەر بە ماندووبوونی ، هەموو بارگرانیەکانی کۆمەڵگای دەکەوێتە ئەستۆ . بە گوێرەی بۆچوونەکانی مارکسیش ، ئەم تویژە ناچارە هەڵوێستەکانی رێک بخات بۆ ئەوەی رۆڵی زیاتری هەبێ لەنێو کۆمەڵگادا.



مانشێت



سکای نیوز:
لە شاری ڕوالبندی پاکستان فڕۆکەیەکی سەربازی کەوتە خوار و لە ئەنجامدا 17 کەس گیانیان لەدەست دا.



رۆژنامەی ئەلحەیات:
ئەمەریکا پێشنیازێکی ئێرانی سەبارەت بە هەڵگرتنی سزا ئابووریەکانی سەری ڕەت کردەوە.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ژەنەرالێکی پایەبەرزی سوپای ئەمەریکا رایگەیاند کە داعش شکستی هێناوە بەڵام هێشتا مەترسی ماوە و پێویستە هاوپەیمانان بەردەوام بن لە شەڕکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستە.



ئەی ئیف پی:
لە بەندیخانەیەکی باکوری بەرازیل و لە ئەنجامی سەرهەڵدانی تووندوتیژیی لەنێوان ئەندامانی دوو بانددا 57 کەس کوژران.



بی بی سی:
وەزیری بریکزت لە حکومەتی تازەی بەریتانیا رایگەیاند کە وڵاتەکەی خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات بەبێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەوروپا بچێتە دەرەوە.



کەنالی ئار تی:
بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە ژاپۆن ، لە ماوەی هەفتەیەکدا 11 کەس بوونە قوربانی.

ئامێدی دەوڵەمەندە بە شوێنی گەشتیاری بەڵام هەندێکیان بێ خزمەتگوزارین



هاوینگەی ئاقاشین- گەلی شێرانە -ئامێدی





مەدرەسەی قوبەهان گەورەترین زانکۆی کوردستان بووە

نادر روستی

ئامێدی پایتەختی میرنشینی بادینان بە دووریی 65کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شـــاری دهۆک. خـــاوەنی مێژوو و شارستانیەتیەکی دەوڵەمەند و خاوەنی سروشتێکی رازاوە و جوان و سەرنجڕاکێشە، دەوڵەمەندە بە شوێنی گەشتیاری سروشتی و شوێنەواری و ئاینی، هەندێک لە شوێنی گەشتیاری زۆر بەناوبانگی هەیە وەک (سەرسەنگ، ئاشاوا، ئانشکێ، سۆلاف)، هەندێک شوێنیش نوێن بەڵام بە هۆی سەرنجڕاکێشیان ناوبانگیان بە خێرای بڵاوبۆتەوە وەک (گەلی شێرانە و گەلی سێ پرکا، ڤین، ئاڤا شین) سەرەڕای هەبوونی چەنـدان شـوێن کـە بـە هۆی کـەمی خزمەتـگـوزاری زۆر نـەنـاسـراون، وەک سەیرانگەکانی (بیاو، ناودارا، شێرانک، چنار، گەلی ئاڤۆک و گەلی چەمانکێ، گەلی مازێ).

گرنگی دەڤەرەکە لە رووی دیرۆکی و گەشتیاری

ئامێدی شارۆچکەیەکی دێرین و کەفنارە کە مێژووەکـەی بۆ 3هـەزار سـاڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، هەوڵدەدرێت بچێتە لیستی شوێنەوارە کـولـتـووریەکـانی ڕێکـخراوی جیهانی یونسکۆ. لەسەر چیاییەکی بەرزی بازنەی کە لە قەڵایەکی دەستکرد دەچێت دروستکراوە، لەسەر بەرزایی و پانتای چیاکە شارێک لە شێوەی قەڵا بونیادنراوە. قەڵاکە لە شێوەی لاکێشەی دایە کە 1000م درێژ و 500م پانـە، لـە ئـاستی دەریـاوە 1185م بەرزە، ژمارەی دانیشتوانی قەڵاکە پێکدێت لە 6 هەزار کەس، قەڵاکە تەنیا جێگای 1200 ماڵ دەبێتەوە و ناتوانێ زیاتر لە خۆ بگرێ، 3 دەرگەی هاتووچۆی هەبووە، کە دەرگای ڕۆژئاوا وەک شوێنەوار ماوەتەوە و دیمەنێکی جوانی بە قەڵاکە بەخشیوە، دەرگای ڕۆژهەڵات ئێستا ڕێگای سەرەکی هاتووچۆی شارۆچکەکەیە، چەند شوێنێکی شوێنەواری لەسەر قەڵای ئامێدی هەیە، وەک: دەرگای کۆنی ئامێدی و مـنـارەی گـەورە و قـوبـەی گـۆڕی سـوڵـتـان و دەروازەی پـەرزگـای زەردەشتی و چەند شوێنی دیکە. شوێنەواری مەدرەسـەی قوبەهان و هاوینگەی سۆلاف دەکەونە دامێنی بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئامێدی، هەموو ئەمانە ئامێدیان کردۆتە شارۆچکەیـەکی کـەم وێـنـەی شـوێنـەواری گـەشـتـیاری، بۆیە سـاڵانـە ژمارەیـەکی زۆر گـەشـتـیـار بۆ بـینـینـی شـوێـنـەوارەکـان و بـەسـەربـردنـی کـاتـێـکـی خۆش لـە هاوینەهەوارەکانی سەردانی ناوچەکە دەکەن.

گەشتێکی مەیدانی بۆ ناساندنی شوێنەکانی گەشتیاری دەڤەرەکە

لەم هەفتەیە دەستەی گشتی گەشتوگوزار گەشتێکی بۆ ژمارەیەک کەنالی عەرەبی بۆ دەڤـەرەکـە ڕێـکـخست، تـیـمـی کـەنـاڵـە عـەرەبـیـەکـان لە لایـەن منـەوە سـەرپـەرشتی دەکـران کـە لـە 6 کـەنـاڵ پێـکـهـاتـبـوون، شوێنەکانی گەشتیاری دەڤەرەکە گەڕاین، ناوچەکەمان بە کەنالەکان ناساند کە ئامانج زیاتر ناساندن و زیاتر ڕاکێشانی گەشتیار بوو بۆ دەڤەرەکە، لە گەشتەکە ئەم شوێنە گـەشـتـیـاریـانـەمـان بـەسـەر کـردەوە: (هـاوینـەهـەواری ئـاشـاوا، ئـەشـکـەوتی ئـەنـیـشـکێ، هـاوینـەهـەواری سۆلاڤ، هاڤینگەی ڤین، هاڤینگەی ئاڤا شین).

کەنالەکان چەند ڕاپۆرتێکیان لە سەر جوانی و سەرنجڕاکێشی گەشتوگوزاری ناوچەکە ئامادە کرد.


کەمی خزمەتگوزاری گەشتیارانی هەراسان کردووە

سەرەڕایی هەبوونی شوێنی زۆری گەشتیاری و جوانی و دڵڕفێنی سروشت و شوێنکانی گـەشـتـیـاری دەڤـەرەکـە کـە بـوونـتـە هۆی ڕاکێشانی هەزاران گەشتیار بۆ ناوچەکە، لـەگـەڵ ئـەوەشدا گـەشـتـیـاران و خـاوەن شوێنەکانی گەشتیاری بەدەم کەماسی و کێشە و گرفتی نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ هەندێک لە ناوچەکە دەنالێنن.

کێشە و گرفتەکان

* خراپی ڕێگای هاتووچۆ و گەیشتن بە شوێنەکانی گەشتیاری: (گەلی شێرانە و ئاڤا شین کە ڕێگەکە نزیکەی 5کم دەبێت، هـەمـوو خۆڵ و تۆزە و زۆر بـەرتـەسـک و ناخۆش و سەختە) هەمان ڕێگە کە دەروات بۆ هاڤینگەی ناودارا، بیاو، شێرانک، چنار خۆڵاوی و ناخۆش و ناریکە. خراپی ڕێگەی هاڤینگەی تاقگەی ڤین کە 600م دەبێت. هەروەها لە ناحیەی چەمانکێ زیاتر لە 7کم ڕێگەی خۆڵ و ناخۆش بۆ هاڤینگەی گەلی چەمانکێ و گەلی ئاڤۆکێ و گەلی کانی مازی دەروات.
* نـەبـوونی شـەبـەکـەی ئـینـتـەرنێت و پەیوەندی تەلەفۆنی لە زۆربەی شوێنەکانی گەشتیاری کە لە خالی یەکەم ناوم بردن.
* نـەبـوونی کـارەبـا بۆ هـەنـدێک لـەم شوێنانەی لەسەرەوە ناوم بردن.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار گەشتێکی بۆ 6 کەنالّی عەرەبی سازکرد ئەم شوێنە بناسە هاڤینگەی ڤین





هاڤینگەی ڤین لە سنووری پارێزگەی دهۆک، لە قەزای ئامێدی، ناحیەی شیلادزێ بە دووری 1کم نیو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی شیلادزێ هەڵکەوتووە. دەکەوێتە سەر ڕووباری شیلادزێ، 600م ڕێگەکەی خۆڵە، بە هۆی پردێکی دەستکردی هەڵواسراو لە بەری شیلادزێ گەشتیاران دەپەڕنەوە بۆ هاوینگەی ڤین. هاوینگەکە بە دارودرختی بەرز داپۆشراوە، لە ژێر سێبەری دارەکان تاقگەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش لە بەرزایەوە بۆ خوارە شۆڕدەبێتەوە، بە دوو بەش دەگاتە خوارەوە، لە دەوروبەری شوێنی دانیشتن و کاتبەسەر بردن بە شێوەی سادە و سەردتای دروست کراون، بەڵام تابڵێ دیمەنێکی دڵڕفێن و جوان و شادی بەخشە. لە لایەک دیمەنی تاقگە و سروشتی جوان لە لایەکی تر جوانی ڕووباری شیلادزە کە لە خوارەوەی هاڤینگەکەکە ڕەت دەبێت جوانی و خۆشی دەبەخشنە دەروونی گەشتیاران.

بەهۆی چالاکییان 7 کۆمپانیای گەشتیاری خەڵات کران

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار ۷ کۆمپانیای گەشتیاری هەرێمی کوردستان لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار سوپاس و ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا. سوپاس و ڕێزلێنانەکە لەبەرامبەر چەند چالاکیەک بوو کە لەگەڵ دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە نەجەف و لە تاران و لە دیاربەکر و لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک بەشدار بوون و هەوڵی دڵسۆزانەیان دا بۆ هێنانی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/31 ژمارە (5801)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

پاڵەوانی جیهان و یاریزانی هەڵبژاردەی جۆرجیا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

مێری ئەرابێدزە: لەگەڵ هەڵبژاردەی جۆرجیا توانیمان نازناوی پاڵەوانێتی جیهانی بەدەست بهێنین







دیمانە: هاوار مورتکەیی

مێری ئەرابیدزە Meri Arabidze خانمە شەترەنجزانێکی دیاری وڵاتی جۆرجیایە و رۆڵی دیاری هەبوو لە بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهانی ساڵی 2015، کاروانی وەرزشی هەمووی پڕە لەدەسکەوتی گەورەو لە هەموو ئاستەکانی جۆرجیا و ئەورووپا و تەنانەت لە سەر ئاستی جیهانیش خاوەن دەسکەوتە، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە کە بەمشێوەیەی خوارەوە:

پاڵەوانی ئەورووپا و جیهان

مێری ئەرابیدزە کە لە ساڵی 1994لە شاری سامتریدیای جۆرجی لەدایک بووە دەڵێت: لەتەمەنی شەش ساڵیدا فێرە شەترەنج بووم؟ ئەویش بەدەستپێشخەری باوکم بوو هەمیشە وەک راهێنەر و رێنیشاندەرم وابووە، بەردەوام بووم لەخۆفێرکردن و لە ساڵی 1994بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد و دەستپێکی دەسکەوتەکانیشم ئەوکاتە بوو کەتەمەنم 10 ساڵان بوو، لەساڵی 1994بومە پاڵەوانی جۆرجیا بۆ خوار 10ساڵان و دواتریش هەر هەمان ساڵ لە ئاستی خۆم توانیم میدالیای زێڕی پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا و جیهان بەدەست بهێنم، بەهۆی ئاستبەرزیەوە لە ریزی هەڵبژاردەی جۆرجیا وەرگیرام و تا ئێستاش نوێنەرایەتی وڵاتەکەم دەکەم لە بۆنە جیهانییەکاندا.

خەونەکانی هاتنەدی

مێری تەمەن 23 ساڵ زیاتر باس لە دەسکەوتەکانی دەکات: لەگەڵ هەڵبژاردەی جۆرجیا توانیمان پاڵەوانێتی جیهانی ساڵی 2015 بەدەست بهێنین، هەروەها ئۆڵۆمپیادی 2018 میدالیای برۆنزمان بەدەستهێنا، لە پاڵەوانێتی جیهانی ئەمساڵیش پلەی دووەم میدالیای زێڕمان بەدەستهێنا دەتوانم بڵێم هەندێ لەخەونەکانم لەبواری شەترەنج بەدەستهێناون وەک بەدەستهێنانی نازنازی IM-WGM، بەڵام هێشتا بەڕەنگاری زۆرم لەپێشدا ماوە و کاری لەسەر دەکەم بۆ ئەوەی بگەمە لووتکەی خەونەکانی دیکەم، هەربۆیەشە رۆژانە 5تا 6کاتژمێر شەترەنج دەکەم و یاریەکان شی دەکەمەوە، هەروەها زیاتر گوتی: شەترەنج بەڵای منەوە هەموو شتێکە، شەترەنج پیشەمە، کاری جوانمە، ناتوانم خۆم بەبێ بوونی شەترەنجەوە ببینمەوە، ئەم لینکەش http://www.chessgames.com/perl/chessgame تایبەتە بەخۆمەوە تا زانیاری زیاتر لەسەری دەسکەوێت.

ڕیال نرخی پۆگبای گەیاندە 185 ملیۆن دۆلار



ڕۆژنامەی The Sunی بەریتانی ڕوونی کردەوە کە یانەی ڕیال مەدرید دەستەوارەیەکی گەورەی گەورەی پێشکەشی یانەی مانچستەر یونایتد کردووە بۆ ئەوەی رازی بکات ڕووبکاتە قەڵای سانتیاگۆ.

ڕۆژنامەکە ئاشکرای کردووە کە یانەی ڕیال مەدرید ئامادەیە بڕی 185 ملیۆن دۆلار بدات لەپێناو گەیشتن بەخزمەتەکانی ئەم یاریزانە، ئەگەر ئەم گرێبەستەیەش سەربگرێت ئەوا دەبێتە گەورەترین گرێبەست و ڕیکۆردی یانەکانی ئینگلیزی دەشکینی کە پێشتر بەناوی فیلیپی کۆتینهۆ وە بوو کە بەرامبەر بە 179ملیۆن دۆلار لە لیڤەرپوڵەوە چووە بەرشلۆنە.

ڕۆنالدۆ: بڕیاری ڕۆیشتنم لە ڕیال هێندە ئاسان نەبوو



کریستیانۆ ڕۆنالدۆ هێرشەری یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی دانی بەوەدانا کە بڕیاری ڕۆیشتنی لە ڕیال مەدرید بڕیاریکی زۆر قورس بوو کە لە ژیانمدا بڕیارم لێدابێت.

لەمیانی ئاهەنگیکی ڕێزلێنان کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕیکیخستبوو، بە ئامادەبوونی سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید خەڵاتی ئەفسانەی ڕۆژنامەکە بەخشرایە ڕۆنالدۆ، لەڕێورەسمی ئاهەنگەکەشدا ڕۆنالدۆ گوتی: زۆر ئاسان نەبوو بۆ من ڕیال مەدرید جێبهێڵم، دوای ئەو هەموو سالە ئێنجا بڕۆی ئەوە بڕیارێکی زۆر قورس بوو بۆمن، هەروەها بەهەمان شێوەش بیری مانچستەر یونایتد دەکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی منداڵەکانم لە ئیسپانیا بووینە بۆیە زیاتر بیری مەدرید دەکەین،

کلۆپ: بۆ یارییەکەی مان سیتی بەباشی خۆمان ئامادە نەکردووە



یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی دانی بەوەدانا کە ئامادەباشی یانەکەی بۆ یارییەکەیان بەرامبەر مان سیتی دەڵێت: وەک پیویست نییە و لەڕابردوودا نەمانتوانیوە باش خۆمان ئامادەبکەین.

ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو لەسەر یاریگای وێمبلی بەناوبانگ، و لە یاری قەڵغانی خێرخوازی هەردوو یانەی مان سیتی و لیڤەرپوول بەیەک دەگەن، لەم یارییەدا ژمارەیەک یاریزان لەهەردوو یانەدا ناتوانن بەشداری بکەن لەسەرووی هەموویانەوە سادۆ مانی و ئەگویرۆ.

سەبارەت بەم یارییە کلۆپی ڕاهێنەر دەڵێت: یارییەکی هێندە ئاسان نابێت، بەتایبەتیش کە ئێمە وەک پیویست خۆمان ئامادەنەکردووە، لەبەرامبەریشدا مان سیتی هەمان ئاستی وەرزی ڕابردووی ماوە و پیم وایە ئەگەر یارییەکە ببینەوە ئەوا زۆر گرنگ دەبێت.

بۆ یەکەمجار مێسی هێرشی کرایە سەر



هێرشەکەی کرایە سەر مێسی، دەنگۆیەکی زۆری لە میدیاکانی ئیسپانیا ناوەتەوە و هەریەکەو لە ئاوازێک دەخوێنێت و پێیان وایە ئەم ڕووداوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی مێسی بیر لە چارەنوسی خۆی بکاتەوە لە ئیسپانیا.

کاتێک مێسی و هاوسەرەکەی لەگەڵ سواریز و فابریگاس و خانەوادەکانیان لە ئاهەنگێکی شەوانە بوون لە دورگەی ئیبیزا، کەسێک هێرشی کردە سەر مێسی و هەوڵیدا لێیبدات، بەڵام پاسەوانە تایبەتەکانی پێشیان لەو کەسە گرتووە و دووریان خستۆتەوە و نەیانهێشتووە لە مێسی بدات.

جێی باسە ئەمە یەکەمجارە مێسی لە ئیسپانیا هێرشی دەکرێتە سەر و ئەمەش ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئەوە هەبێت کە مێسی بیر لەوەبکاتەوە ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت، لەلایەکی دیکەوەش تا ئێستا یانەی بەرشلۆنە بەفەرمی ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم ڕووداوە بڵاونەکردۆتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 31. Jul. 2019 No: (5801)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پایتەخت... ڕێز لە هونەرمەند حەسەن گەرمیانی نرا



ڕۆژی دووشەمە 29-7-2019 ریزلێنان بۆ هونەرمەند حەسەن گەرمیانی ئەنجامدرا کاتژمێر 7 ی ئێوارە لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر لە ڕێورەسمێکی شایستەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بە کەرنەڤاڵێکی هونەری، بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری حەمەی حەمە سەعید و پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و بەرپرسی لقی دوو ئەحمەد کانی و بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری سالار عوسمان و بەرپرسانی دامودەزگای حکوومی و هونەرمەند ونووسەران و جەماوەرێکی زۆری هەوادارانی هونەر و دەنگی حەسەن کەرمیانی، ڕێزی لە گەورە هونەرمەند حەسەن گەرمیانی نا.

فۆتۆ : فارس سەعدی



شەڕی داعش و هێرشی حەشد



کتێبی (شەڕی داعش و هێرشی حەشد.. پێشمەرگە لە سەرکەوتنێکی جیهانی وکوردستان لە قۆناغێکی نوێ دا) بە قەبارەیەکی گەورە و بەرگێکی قەشەنگ و لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ، بە 456 لاپەڕە لە نووسین و ئامادەکردنی قارەمان مەهدی کەوتە بەردیدی خوێنەران، کتێبەکە تایبەتە بە واری پێشمەرگەیی، مێژوویی، سیاسی و دۆکیۆمێنتاری.وەک نووسەر لە پێشەکی ئاماژەی پێکردووە: ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە شڕۆڤە و زانیاری و بەڵگەی ورد پێکهاتووە سەبارەت بە، سەرهەڵدانی داعش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان،ڕۆژئمێری بەرگری و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی داعش و چۆنێتی ڕەوتی رووداوەکان. دەکرێ تا رادەیەک وەک ڕۆژئمێری ڕەوتی رووداوە سەرەکی و گرنگەکانی 2014 تا سەرەتای 2018و کۆتایی و دەرئەنجامەکانی ئەم قۆناغە سەیری بکرێت و زانیاری و بەڵگە و شڕۆڤەکان ببنە ئاوێنە و زمانحاڵێکی ڕوونی ئەو واقیعەی لەو سااڵنەدا لە ئارادا بوو.بە گشتی ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی واقیعیانەی بارودۆخە سەربازی و سیاسی و حوکمڕانیەکەی هەرێمی کوردستانە بێ جیاوازی کردن، تا رادەیەکی دیار توانراوە تیایدا پوختەیەکی گشتگیر لە ڕووداوەکانی ئەم قۆناغەی تیا کۆبکرێتەوە و بۆ ئێستا و ئایندە لەم دۆکیۆمێنتاریەوە زانیاری ورد لە بەردەست بن دەربارەی ئەم دوو شەڕە و بزانرێ لەم ماوەیەدا و لەسەر زۆربەی ئاست و هەڵوێستەکانی شەڕەکە و لە ناوخۆ و دەرەوە، چی ڕووی دا و چۆن ڕووی دا، چی کرا و چی وترا و ئەنجام چی بوو.دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

موزیکژەن نزار زێوەیی سەمایەکی ئازەری بەچێژی کوردی پێشکەش کرد



بەرهەم شێخ عزەدین

دەربارەی نوێترین بەرهەمی خۆی هونەرمەندی میوزەکژەن نزار زێوەیی بەخەباتی گوت: لەزگی سەمایەکی ئازەریە ،داڕشتنەوەیەکی نوێمان بۆکردوە بۆ چێژی کوردی و ئێرانی، کارێکی موزیک قیدیۆی نوێمانە بۆ ئامێری تار، کەمانچە، ئامێرە ڕیتمیەکان ، بەخۆشحاڵیەوە ئەم کارە بەبەشداری هونەرمەندان (ئیبراهیم نەقدیان و شوان قەرەداخی، نزار زیاتر گوتی: ئەم کارە هەنگاوێکی نوێی هونەریمە لەگەڵ ئەم خۆشەویستانەو بەردەوام دەبێت ، سوپاس بۆ هەمو ئەوانەی هاوکارمان بون ، سوپاس بۆ هاوکارانم لەگروپی موزیکی لوڕ،بەرهەمە کەبەم جۆرە کاری تیاکراوە: موزیک ـ لەزگی، دابەشکردن ـ نزار زێوێی ،ستۆدیۆ ـ گروپی موزیکی لوڕ، ژەنیاران :مامۆستا ئیبراهیمی نەقدیان ـ کەمانچە، مامۆستا شوان قەرەداخی ـ کاخون ـ بەندیر ـ دایرە، نزار زێوێی ـ تار ـ تارباس، وێنەگرتن و دەرهێنانی ـ دیار مەهدی. لەدوماهیدا هونەمەند دەڵێت هیوادارم بەدڵی بینەرانو گوێ گران بێت و پێمان خۆشە بەسەرنجەکانتان کاری داهاتومان باشتربکەن.

مێژووەکەی بۆ دوو هەزار و 700 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە

باکووری کوردستان... دۆزینەوەی ئێسکەپەیکەرێکی بێ کاسە سەر لە شاری وان



لە گردی مێژووی باکووری قەڵای وانی باکووری کوردستان ئێسکەپەیکەرێکی بێ کاسە سەری ژنێک دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ دوو هەزار و 700 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

تیمێکی 50 کەسی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری بنکەی شوێنەوارناسی و مێژوویی ناوچەی وان لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی ئیستانبوڵ، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەرکان کۆنیار پێکهاتووە و ئەندامانی تیمەکە شوێنەوارناس و ئەکادیمی 10 زانکۆی تورکیان بەردەوامن لە کارەکانی کنە و پشکنین کە لە لایەن وەزارەتی کولتووری و گشتیاری کاسەسەرەکە، کە قاچەکانی بەردەوە لای ڕانی هێندراونەتەوە و لەسەر لایەک پاڵ خراوە.

پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەرکان کۆنیار بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە لە کنە و پشکنینەکاندا بۆیان دەرکەوتووە لە دوا قۆناغەکانی سەردەمی ئۆرارتوییەکان گردە بێ کتێبەکە پەیکەرە بێ